# ڕژانی دڵۆپەکانی فەنا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا

## ئەو دەقانەی توانای نووسینەوەیانم نەبوو

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)



کتێب: ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا
نووسینی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٨٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: سەمیعە ئەحمەد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی لە هەولێر ژمارە (٣٩٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## پێشکەشە...

بەو مرۆڤە مەزنەی
گەرد بە گەردی نێوچەوانی ڕۆژگارەکانی دەتەکاند و،
زەمەنی قولاّخ ئەکرد، بۆ ویستە سەرشێتەکانی من و
خێزانێک لە من.
بۆ پەنگینەوەمان لەترس و عاجباتییەکانی بوون.
ب+ۆ سەر ڕێخستنی سکێچوەڵە شێواوەکانی غوربەت.
ئەو باوکەی....
دونیایەک کشپە و ئاخی هەڵڕژاند و،
کێوێک خەونی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵ.!

هەروەها...
بەو شاخەی باڵی لەبەرد دەڕسکاند و،
دڵۆپ دڵۆپ ئارەقەی لاملی گەرماکانی کارکردنی... دەسڕییەوە و،
شەکرە ماچی...دەچنییەوە بۆمن وخێزانێک لە من
بۆ خەندە ساواکانی بەرائەتمان
بۆ لێک نزیککردنەوەی جەوسەرە دژ بەیەکەکانی ئەم جەنگەڵە
ئەو دایکەی...
دەریایەک فرمێسکی یاقووتی باراند و،
خەونێکی زۆر گەورەی لە دڵابوو!



هەروەها...
بەو ڕێژنە عاتفیەیەی کە مەمکۆی خەم ئاسا
هیچ دیوارێکی مرۆڤایەتیی خۆی لە ئاستیا ناگەڕێ و،
منیش وەک مۆمێکی لاواز ئەتوێنێتەوە.
بەزەردەخەنە سەربڕاوەکانیان
بە ئاهە بالاّ بەرزەکانیان
بەدوو جگەرگۆشەکەم

کە لەیەکەم ئەزموونا... دەرسێکی گەورەیان فێرکردم
لە عەشق وتەنیایی و خەم وخەجاڵەت...

هەروەها...
بەو دورگە عەشقەی کە هێشتا نهێنییەکانم
بە تەواوەتی کەشف نەکردووە و،
کەشتیی دڵم لە کەناری ئەوینیدا
خەریکی لەنگەرگرتنە.
بە فرمێسکەکانی...
بەورەی بەرزییەوە...
کە بارانی موژدەبەخشی بەختەوەریمە.
ئەو کیژەی کەوەک چرا ئەسووتێ بۆم و
هاوسەری ژینمە...

٢٠٠٢-٠٩/٢٠٠٠-٠٧
ڤانکۆڤەر

## ڕوانین بە ناخی وجوددا

چاوم دەشۆم...
گشت سبەینان بە دڵۆپە ئاونگی سەر حەسرەتی نیگایەکی شێت.
بە ئاوازی هارمۆنیای هەناسە بڕکێی خۆشەویستی
بە هێمنی تاریکایی و،
بە ئەستورایی بێزاریم لەم ژیانە.
دڵم دەشۆم...
بە ئاهاوی تەنیاییم و،
بە و نەسیمە کەس نەناسەی کە هەر تەنیا
ئامێزی شەپۆڵ ئەناسێ،
ڕەنگەکانم لێ گۆڕاوە... ئەو جوانییەی
جاران چاوی دەدزیم و،
لە پێچ و پەنای فەنادا ونی دەکرد.
ئەو تارماییییەی هەستی دەبردمە نێو ناخی ونبوونەوە
ئەو گۆڕانییەی فرمێسکەکانی دایکمی بۆ ئەژماردم



بوون بە سوتوو!
لە شۆستەکانی بێزار بوومە و شە قامەکان لەبەرپێما
وەک لە شکری بەزیو هەڵدێن
واهەست ئەکەم بۆیە ئەژێم تا بەگڕی خۆشەویستیت هەڵبقرچێم.
ئیوارە درەنگ وەختانێک

چاوێک لە ژێر ئەو هەنگاوە ماندووانەی
کە بەستەی مەرگ ئەچڕێ بە گوێی داروبەردا،
سکاڵای بوونی خۆی دەکرد!
من دەزانم ڕۆژێک ئەمرم
بێ مەراسیم و کەرنەڤاڵ بەبێ شیوەن
تەنیا دار و تەختەی ژێرم و کڵوە بەفر ڕەش دەپۆشن.
هەناسەکانم قەرزارن بەو شیعرانەی کە ئێستا نەمنووسیون.
باڵ لێک ئەدەم وەک ئەو مەلەی وائەزانێ
عەشق تەنیا فڕینە بە نێو ئاسمانا
خۆشەویستی هەم گریان و هەم تاوانە!
ئەو فرمێسکەی ماڵئاوایی لە چاوم کرد،
قەد ناتوانێ جارێکی تر پێڵوم بکا بە مەنزڵی لە دایک بوون.
ئەو پڕمەیەی لە ناو قەدی ئازارێکا چاوی پشکووت
قەد ناتوانێ دەستبەرداری ئەو شەوە بێت
کە هەڵمەتی یاخیبوونێک ئەیپلیشێنێ!
دۆێنێ لە خۆم وردبوومەوە زۆر گۆڕابووم خۆم نەناسی
لە ئاوێنەی ئەو ڕۆژگارەی فەلسەفەی تیا ورد و خاشە
هونەر تێدا کرمی گاڵتە هەڵئەهێنێ

زات لە ئاگری وجودا دەبێتە خۆا مێشێ بوون
کۆمیدیایەک بە تراژیدیای پێکەنینی دەرهێنەرێک
بە زگی دا
یاخییەکان بوون بە چلوورەی ئەو سەرما هەڵپڕووکاوەی
کە پێستی ئیستاتێکا وەک بنێشت ئەجوێ
بە رەنگاربوونە ئەکەن بە بالیەی خوای ئەبەدییەت
ژیلەمۆ بەڕووی ئاگرا
ئاگر بەڕووی جەستەی ڕووت دا
جەستە بەڕووی خۆشەویستی و،
عەشقیش بەڕووی زات و وجود
زات لە مەرگا یاخی ئەبێ و
هەر دەتوانێ لەوێش بنوێ
یاخیزمەکان تەڵخی ڕووی ئەو ئاوێنەیەن
کە عەشقم تێدا بزر کرد
من بزماری ڕوانینی خۆم ئەدەم لە تەختەی وجود و
عەدەم ئەکەم بە کۆمبارسی پێکەنینم
ئەو ڕەگانەی دڵە خورپەی ئاهم ئەدا بەزریانا
خوێن بە نیگام هەڵئەهێنێ
ئەو ئێوارە تاریکپۆشەی
شیعرم تێدا دووڕگەکانی تەنیایی کەشف ئەکرد
سێبەر ئەکەوتە پەڵەدان و
لووتکە کەوتە پاڕانەوە لەو هەورانەی
ئۆکسجینی دڵنیایی ئەباڕێنێ.
من ئەڕوانم هەتا زاتم لە وجودا غەرق ئەکەم



من ئەڕوانم تا لەوجود
زاتم ئەکەم بەتارمایی ئەو خەندە کورتە باڵایەی،
دەستبەرداری لێوت نابێ.
لە نێوان گلێنە و نیگا
چاو و بینین ڕێگا و هەتاو
پێدەشتێکی بەر فراوان خۆشەویستی شەپۆل دەدا.
من کولێرەی ماچم ناوە بەتەندووری ڕوومەتتەوە.
من چلوورەی دڵم ناوە بە شەرابی سەماتەوە.
لە هەورازی پژمینی تۆ دوو ئۆخەیم دەسکەنەکرد
تا لە شەوی زاوایەتیم سەمای عاشقانەی لەگەڵ ئەکەم.
تالە شەوی بڕانەوەی هەناسەکانی تەنیاییم
هەموو وجود، زات و کەون و دڵت ماچ کەم.

شوباتی ١٩٩٨
ڤانکۆڤەر

* ئەم شیعرەم لە گۆڤاری (هانا) ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٨ ل ٢١-٢٢
بڵاوکراوەتەوە.

## دیوی دووەمی زەمەن

خەونە کریستاڵییەکانی پەناگەی ڕۆح
دیدە دیل و کەنەفتەکان،
وەک ڕەشماری پەپکە خواردووی ئەم زەمەنە پێچاوپێچە،
دێن پنتکی دڵ دەکەن بەحەشارگەی زام.
تۆش وەک نێچیر دەکەویە دوای دەنگی پێی خەم
داچۆڕانێکی لەسەرخۆ،
ئەژنۆت دێنێتە دلۆپەی ماندووبوون و،
نیگات دەکات بەبێژنگی بینینێکی ئەفسووناوی!
گەڕان دەبێتە ئاورینگ و،
دلۆپ... دلۆپ... دەڕژێتە سەر پشتی زەمەن.
دەنگت لاڵە و هاوارەکان زمانیان لە زیندان ناوە.
تۆ پێدەشتی لۆژیکەکان پەی دەکەی و
بە شوێن ڕۆحی ئەو مانایەی،
کە مانای خۆی لەدەست داوە.



دەپەڕیەوە بەسەر پشتی ئەو وشانەی
خوێ دەکەنە نێو برین و،
شرۆڤەی کات لە سینگ دەدەن.
چی زارۆکەی کارەساتە،
دەبنە هەڵمی سپی و دەفڕن.
پەیژەی بوونت دەخەیتە سەر شان و ملی بیرکردنەوە و،
لەقەد پاڵی (ئێستا)کاندا،
لەگەڵ بەردە بێ بەزەییەکەی سیزیفی ئازارشکێن
گۆرانیی خلۆربوونەوەت لەسەر زارە.
شار، خاڵێکی ڕەونەقداری زەمەنێکی گورج و گۆڵە،
باڵدارێکە و باڵ کراوە.
پۆلە گوناهێکی قژکورت،
وەک نەرمەغار... لەلاملی ڕێ ئالآوە.
سیما لەخۆ بەفێڵەکان، وەک تاوانێک ئەنجام بدەن
خۆ دەخزێننە نێو قەڵشتی دیواری ڕۆح.
جارنەجارە سەرسمدانی ڕوانینێک گۆرانی دەڵێ
تۆش بێ ئەوەی ڕابچڵەکی... خەوی غەفڵەت دەتباتەوە.
لەودیو سنوور بێ ئاگایی،
توانەوە دەکەی بەکەوڵی خۆشاردنەوە.
ئیستێک بێدارت دەکات و،
جارێکی تر لەنێو حەوزی تەڵخی ونبوون نقووم دەبی!.
غەددارە... سەما غەددارە...
سەمای سووتان...
سەمای توانەوە لەغەفڵەت...

سەمای وشکبوونی عەتف و بەهای ژیان.
سەمای مەرگی گشت ڕەنگەکان.
سەمای جوانی و وردبوونەوە لە حەقیقەت.
دێم ڕێ دەکەم بەسێبەری ئەو تیشکانەی،
بۆن بەتەنیاییەوە دەکەن.
لەلاپاڵی کێوی حەز و،
لە تەنیاییی ئەو کۆڵانە جوانەمەرگە و
لە هەورازی پشتی کۆمی هاوارێکا
برین دەکەم بەباوەشێنی زایەڵەی خامۆشی تۆ.
(ئێستا)کەی تۆ وەک پەلەی بێ
بگات بەو خەونە سپییانەی،
فرچکیان بە ساتمە و خەم و ئاوڕدانەوە کەوتبێ
هەنگاوی لەسەر شان ناوە.
بۆ گەیشتن بەو جوانییەی دژ بە جوانی و جوانکارییە.
ئەمێستاکە (ئێستا)کەی تۆ، خۆی داوەتە پاڵ دیواری
دارمان و نەوی بوونەوە بۆ کەمەر...
بۆ ناو قەدی باریکە ڕێی ئەو داهاتووەی،
ڕابردووی کرد بە خۆڵەمێش.
میلی سەعاتی بێ هەستیت لە چەپەوە بەرەو ڕاست و،
ئینجا بەرەو دیوی دووەمی کاتەکان.
سواری پشتی چرکە ئەبی و،
بازنە شعوورێکی کەنەفت بەدەوری خۆتا ئەکێشی.
چڕبوونەوە لە قۆزاخەی (ئێستا)کانی ئەو دیو زەمەن،
باڵ دەکێشێ بەسەر گەردوونی بێ خەمیت



غەددارە...سەما غەددارە...
سەمای گەشتی پشت کاتەکان...
سەمای گۆڕەپانی خەونە تام کاڵەکان...
سەمای ونبوونی لۆژیکی جووڵەی ڕۆتین.
سەمای چڕبوونەوە و قەتیسمانی تەمەن.
سەمای دووەم دیوی زەمەن.

١٨-٠٣-١٩٩٩
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

تێبینی: ئەم قەسیدەیە لە گۆڤاری (شیعرستان) ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

## مسۆدەی خەونێکی سپی

(بەو دوو نیوەیەی کەلەم مسۆدەیەدا
کاراکتەرن پێشکەشە)

بەلێوار پەیکەرە مەییوەکانی کپبوونا...
هەنگاوە گورجەکانت دەخستە بوخچەی یادێکی ورد و،
لەسەرەخۆ: دەهاتیتە بەردەم شەوە تاڵەکانی نەهامەتی!
بەتاڵە دەزووی ئارەزووەکان هەڵدەزنی و،
بەسەر پشتی تیشکە فرۆشراوەکانی هەرێمە قاچاخەکانی
تاراوگەکان سەردەکەوی و،
دیوارێک لەهەڵم بنیاد دەنێی.
دێیتەوە و... پەیژەی هاوار دەنێی بەلاملی زیندە خەونێکی چڕ
چیرۆکە زینهارەکانی ئەو دۆزەخە دەخوێنیەوە،
کەناو نراوە خاڵیبوونەوە لەهزر و مەعریفەت.
دێیتەوە و بەبێ دڵ ئێشان...سوراحییەک لەجوانی ئەنۆشیت و،
دونیایەک لە پاشگەزبوونەوە ئاو ئەدەی.



کێوێک لەگەڕان و سۆراخ
دەریایەک لە مەنفا و فەنا
ئۆقیانوسێک لە ڕەشبینی،
لە گەشبینی،
لە پێکەنین وشک ئەکەی و،
نیوەت منێک سەر ئەبڕێ.
وەک سەربڕینی نیگا لە گلێنەیا و،
وەک سەربڕینی ئەستێرە لە نووتەکا.
جەستەم ئەنێتە سەرشانی پاشماوە قورقۆشمییەکان.
نیوەکەی تر... پۆلە هەورێک
لە هەڵمە قەترانییەکانی ئەبەدییەت دەکوژێت و،
دەبێتە جەللادی وجوود.
بەدوو نیوە جەستەم دێنن
پارچەکانی دەکەن بەبەیداغی بەژنی هەلاّتنا و،
بەدوو نیوە خۆڵەمێشی هەرەسە مەزنەکانی ڕۆح
دەبارێننە سەر پۆترێتی خەونێکی کز.
بەدوو نیوە و،
دوو جەللاد و،
دوو خەوکوژی نێو مسۆدەی
لاپەڕە بێ باڵەکانی پیرە پشوویەک
دەنگە مەزنەکانی جەستەم
سەما مەزنەکانی کاتی بێ ئاگاییم
خەندە مەزنەکانی شوێنە بەتاڵەکان
لە هەڵوەدای خاچ نشینێ بەشوێن ڕیتمی سەمای مەریەم

له هاتوچۆی ئێوارانی پێغەمبەرێکی قاچاغ و،
له دۆزەخێکی ساردوسڕ، ئەسووتێن.
دوو نیوەیت و هێشتا نایەی
سەری گۆرانییەکانی خەم کۆکەیەوە و،
ڕێگا شووشەییەکان بەری بەرەو گومان.
بەدوو نیوە جەستەیەکی ناکامڵ و،
مسۆدەی خەونێکی کاڵ و،
بەدوو نیوە نابی بەیەک!
بەدوو نیوە شیعرێکی نیوە ناچڵ و،
کەلامێکی پیرۆزەیی شپرزەیت و،
بەیازێکی پڕ چرچ و لۆچی سادەیت و،
لەگەڵ هەر خۆڵ بارینێکا... دوو ڕەهێڵە لەدوو دڵی و
دوو شەستە پرسیاری گومان ئازاد ئەکەی.
نمایشی دووایین پەردەی شانۆی وجود
دەدەیتە سەر شانی سەفەر.
نیوەیەکت... بەشی تەنیا قەپاڵێکی موعجیزەیە.
نیوەکەی تر، وەک ڕمانی دیواری مەرگ... هەرەس دێنێ.
بەدوو نیوەی ڕەش و سپی نابی بەیەک
ئەی خەونی کاڵ.

٢٠٠٠/٠٩/٣٠-٢٥
هەولێر-کوردستان



## قەدەر

لەمەرگە بازنەییەکانی نێو دڵی تۆ دەترسم... قەدەر
نەکا نەیەڵی دووایین چۆڕی عاتیفەکەم فڕ بکەم و،
گەمە بکەم لەگەڵ مۆمە کوژاوەکانی جێژوانمان.
لە توڕەبوونە بەریئەکەت سڵ دەکەمەوە... قەدەر
با هەڕەشەی بێزاربوونت ئاگر بەرنەدا لە جەستەی ئارامیم و،
قەدەر هەر تۆ پەردەکانی شانۆنامە تراژیدییەکە دادەدەیەوە و
تەسلیم بە تۆ دەبین قەدەر... وەکو کۆیلە،
وەکو هیچ...
وەکو ونبوو لەنێو پێخەفە شل و شاوەکانی ڕێکەوت،
کە تیشکە میهرەبانەکانی ئەستێرە بێکەسەکانی فەزا دیل دەکا و
لەنێو ڕامانە بێ کۆتاییەکانی ئەفسانە دەنوێ.
من دەمویست بە ڕێگایەدا گوزەر بکەم،
مردن نامەی ئەندێشەکان بەلۆژیکی ماڵئاوایی بارگاوی بێ.
دەمویست بەئاوێ چاوم بشۆم... نیگاتەڕ کەم...

نامۆ بەسەرچاوەکەی خۆی.
قەدەر... بێڵە شەپۆڵەکان بمشێلن و،
پەیامەکان بگەیێننە شوێنی مەبەست!.
ئای قەدەرە بێکەسەکەی هێلانەت لە دڵی ڕەشەبا بزێوەکان ساز ئەکرد و،
بە گۆرانیی دارخورماکان سەرخۆش ئەبووی.
ئای قەدەرە بەرژدەکەی...
بەهار نەبوو شەڕێکم پێ نەفرۆشیت و لەئازارێکم نەگلێنی.
وەخت و ناوەختت نەئەزانی
لەپاش بارانە گەورەکەی تیایدا خنکام،
تۆ دەهاتی و بێ لەدەرگادان
هەواڵەکانی جەنگ و مردنت دەپرسی و،
وەکو ئەوەی بەم بوونە هەڵمە نامۆ بیت،
دیوارەکانی ژیانت لێ ڕووخابێ
نەناس... نەناس...
بەئاونگی ماچە بێ گومرگەکانی هەناوی خۆت
پێکی دروشمی نەمریت لەچاوی تەڕی من هەڵدەدا.
کەدەنگی ترپەی پێت دەهات،
عەشقم لە بیر دەچووەوە و،
تەمە ترسێک هەرچوار دەوری دەتەنیم و لەتاوانا تێر دەگریام
قەدەر بێ دەسەڵاتم و،
دووایین دەرگای ئومێدەکانم لێ دامەخە.
تۆ شوومیت و لەگەڵ خۆتا ڕەهێڵەکان دەکوژیت و،
باڵی خەونەکانم ئەکەی.
قەدەر... باگەمە بێ ئەنجامەکانی دڵە ڕاوکێ بەس بێ.



قەدەر...با لەتامی مزری پیاسە ئەرخەوانییەکانی دەمەوعەسر نەدەمە
شاخ!
قەدەر... بێڵە لەئاخرین ماچەکانا شاباشی دڵدانەوەیێ زیندانی کەم.
قەدەر... هەر تۆ مانای ڕووتبوونەوەت لایە و،
تێ دەگەی پاگژبوونەوە مانای چییە.

١٥-١٠-٢٠٠٠
ئاسمانی ئایسلاند

## مەقسەڵەی گوناھ و تەم و مژە بێ ڕەنگەکان

بەشوێن جوانیما مەگەڕێ...
وەختێ پیاسەی چەپکێ دووکەڵی قەتیس بووی،
ژێر گێڵگەی پەرچەمی گومان
باوەشێ سوێند
کۆڵێ دوعا و ماچی وەریو،
لە دالآنی دەڵەمە لەبارچووەکان
بەھەناسەی (ننگرسۆ)وە ئاوێتە بێ
بووم بەوێنە...
بووم بەدار شەقەی پرسیار و،
خەوە کوتکەی ئەو سەرانەی
لەون بوونا... تەم دەبارێننە سەر پەیژەی مەرگەساتی توانەوە.
بۆم مەگەڕێ...
لەئارامی سەغڵەتیدا و
لە منارەی ژێرزەمین و



لە ئێوارەی خەندە جوانەمەرگەکانی گریانێکی تاک و تەنیا!
سەر بکەرە سەر ڕەشەبا چلێسەکان،
ئیتخی تێشوب،
ئەندریای لوید،
کە دەخزێننە نێو هەویری قژ نیگرۆیی
خونچەی ئەزەل... تێ مەپەڕە...
بە کۆڵانی تەمە ڕەنگ پەمەیەییەکان پشکۆی هەڵم،
گۆڕە بێ خانە خوێکانی تەوەری حەز هەڵمەدەوە...
ڕووبەروی یۆتۆپیای سەما...
بۆتە نیشتمانی کرم و
جاڵجاڵۆکەی بیرچوونەوە و
کرمی خەمی شیزۆفرینیا!
خەوە کوتکەی هەناسەکان مەشێوێنە...
گەڕیدەی پێنج هەزار ساڵت
لەژێر کەپری ئەبەدییەتی گومانە پرسیارێکایە...
بۆ...
دۆزینەوەی نهێنییە باڵ گرەکانی حەقیقەتە لە گومانا.
بۆ...
دۆزینەوەی داچۆڕانە لە بەربەستی شەھوەتدا.
بۆ...
دۆزینەوەی سەرابستانی ونبوونە لە جوانیا.
بۆ...
پشکنینی بوخچەی ئایدیا کولەکانە.
بۆ...

مەحفبونەوەی ڕاڕەوی کەللەی لەززەتە.
بۆ...
هەراسانکردنی پارووی ئایدیۆلۆژیەکانە...
جوانیم مەکە بە نیشانەی گەڕانێکی دڵەڕاوکێ...
گوناهەکانم لە گەڵای تۆفان پێچا!
جەستەی ڕووتم خستە ژێر نووری ئەبەدییەت
خەونە بێ پاڵەوانەکان... بوونە تارمایی ڕێڕەوی
نێو تاوێری پشت گومان و
یەقین بووە بە دەروازەی گۆرانییەکی قەرەجی سەوز...
تەزووی لەززەت بارییە سەر،
ئەو نەفرەتە لاوازانەی بەنامۆیی زاوزێ دەکەن...
چارەنووس پرسیارەکانی لە بانێژەی،
جەنگی مەغلووبەی ئاندریا...بوو بە هەڵم!.
تا کەللەی سەر بوو بەدیوارێکی خەندەی ڕەنگ قاوەیی...
سێبەرێکی گومان لێکراو...
شەپۆلێکی گوناهکار و.
ڕۆژنامەنوسێکی بێ چاو...
لە ژێر شەپقەی تابووتێکی بێ چاوو ڕوو،
منالێتی لە بار دەبرد.
سوتووی بەفری دەخستە سەر جەستەی دووکەڵ.
وەختێ چەپڵە گەرا لە نێو لەتە ئاوێنە دادەنی...
وەختێ هێشووە ماچ پێ دەگا.
وەختێ سەمای پیرە دارێک،
ئاوازی پایزانەی خۆی دەکات بەبلوری لانکی



کۆرپەلەی ئارابخای بریندار!!
وەختێ خونچە وەریوەکان،
لاشەی مەزارگای وەڵام و
سەرابستانی حەقیقەت دێتە سوجدە.
هاواری شمشێر هەڵکێشە بەڕووی شەهوەت.
لە پانتاییی ئەم ڕەهەندەی،
وەرزە سەر هەڵگرتووەکانی بەکەنەفتی،
برینێکی سارێژنەبووی دەشوشتەوە.
چوارچێوە تێکشکاوەکان دەگریان بۆ وێنە تواوەکانی خواوەند.
جۆگەلەی لەسەرما تەزیو
لە شان شتلە پرسیاری وشک کراوە،
چاوەڕوانی وەڵامێکی نەناسراو بوون.
سێبەر... حوکمی ڕۆژو مانگ و زەوی دەکرد!...
لەو ڕەوازە بەرینانەی کە ڕووبەریان دیل کردووە.
چاو بینینی ون کردووە.
لەژێر قرمژنی تلان و،
لەناو چەقی ئۆقیانووسی بیابانا،
لە سێگۆشەی هزر و مەرگ و یۆتۆپیایا
بازنەگومانێک ئاڵایە قەدی مێژووم!
چەپکەڕامانێک پژایە ڕووی درشتم!
بەم ژانەوە لەدایک بووم.
جارێکی تر لەدایک بووم.
لەدایکبوون بۆ خوێندنەوەی دایکم و
هەڵهێنانی مەتەڵە تەلیسماوەکەی ئەو خوایانەی،

باوکمیان کردە قارەمانی تاوانێکی پڕ لە پرسیار.
لەدایک بوون بۆ ڕەهایی.
لەدایک بوون بۆ سۆراخی ئەو فەلسەفە ونبووانەی،
مەتەڵێکی ڕیش سپییان داوەتە پێش.
لەدایکبوون بۆ لە دایکبوونێکی تر.

***

دیمەنێکی بەرایی لە مێژووی پاڕانەوە:
لەبەیانییەکی بەریێی وڵاتی سەفەر و پرسیار، ئارابخا
دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردبووەوە و دوعای دەکرد و لە
خواوەند (ننگرسۆ) دەپاڕایەوە کە نوورە ئەزەلییەکەی بپارێزێ.
ساڵ تێپەڕی و ئارابخا لە دوعاکردن نەکەوت. خواوەند (ننگرسۆ)
لە یەکێک لە چوارشەممە نگرۆکانی ساڵی ئاوات، لە
دۆسیەی ئارابخای کۆڵیەوە و بڕیاری ئیقامەی ئەبەدی
لە سوپارتۆ پێدا. ئارابخاش لە پاداشتدا
سینگی خۆی کردە نوور.
دیمەنێکی نوێ لە ماڵئاوایی:
کە لە ئارابخا جیابوومەوە و سواری تاکسی بووم، دایکم
بەئومێدی گەڕانەوەم مشتێ نووری ئارابخای لە گیرفان نام و،
سەتڵە ئاوێکی مەحیبەت و دڵە ڕاوکێی ڕژانە شوێن
تاکسییەکە، تا چاو بڕی دەکرد دەستەکانی ماڵئاوایی
ئارابخا و دایکم دەجوڵانەوە و تا بوون بەخاڵێک.

***

کەبەلای ڕاستدا وەرگەڕام، ترسێکی چڕ،
شەپۆڵی دڵ نەواییمی سەردەبڕی!



زێوانەکان... گۆڕی ماچ و سێکسی وشکیان دەچنییەوە.
(ننگرسۆ) لەسەر چنچکانە و،
وردە نانی موحیبەتی دەدایە زارۆکەی کەنار.
ڕەشەبا... بەمت بوویی مرد.
لەمەملەکەتی ئارامی، باوکم ناوکی هاوارێکی ئارابخایی،
چاوی سەوزی پشیلەیەکی زۆر برسی،
گوێچکەماسی بیرکردنەوەی هەڵدەدایە
نێو یۆتۆپیای ڕابردوومەوە.
منالێتی خۆی دەکردە کولیچەی جەژنانەی ساڵ و
لەپڕمەی گریانی دەدا!
باوکم نەخشەی تاراوگەکان
جوگرافیای خەونە سپییەکان
لەبەر خۆری گەڕانەوە بۆ (ئەندریا) هەڵدەخست و،
لەسەر یەک قاچ سەمای فیراقی ئەکێلا.
باوکم وەکو دەیگێڕاوە:
لەبەر بەیانی لەدایک بوون،
شیلەی ئارابخای خستووەتە سەتڵی هزر و،
کۆڵان کۆڵان هێشووە ماچی فرۆشتووە.
باوکم دەیگوت: چەند سەدەیەک پێش ناسینی دایکە باڵا وەریوەکەت،
ئارابخا دەستی گرتووم و لە نهێنی چاڵە برینی سەر سینگی
شیری پرسیاری داومەتێ!.
باوکم ئێستاش کە سەفەری سەدە جەنجاڵەکان دەکات
وەکو پیشەی دەداتە پرمەی گریان،
نێوچەوانی خۆی دەکرۆژێ!.

ئەی باوکە نەزاکەتەکەم... بەشوێن جوانی کێ دەگەڕێی؟
ڕووی کام تاوان سپی دەکەی؟
کامە گوناە دەشۆیتەوە؟
گوناهی من، گوناهی لەدایک بوونم،
یان گوناهی برینەکانی ئارابخا؟

***

نوێڵێک بەسەر پەراوێزی گریانێکا ڕاکشاوە
ڕێچکەی هەرەس، زەردەخەنەی وشکەوە بووی لێوی پایز،
توایەوە.
وەک توانەوەی پشکۆ لەژێر بڵێسەیا
وەک توانەوەی ئازار لەنێو ئەشکەنجەیا
وەک توانەوەی گومان لەپاڵ حەقیقەتدا
وەک توانەوەی دڵم لەنێو ئارابخایا
نە ئاویلکەیی ئارابخا و نەسزای خواوەند (ننگرسۆ)
ماسوولکەی ئەم کارەساتەی بەڕێوەیە، پێ ناجێورێ!.
گوێم لە دایکە هەرەهەرە میهرەبانەکەی خۆم دەبوو
پاش نوێژان لەسەر بەرماڵا چەترێک دوعای هەڵدەدا و
لە سێبەریا، خەوەکوتکە دەیبردەوە!.
دایکم ئێستاش تەسبیحێکی سەیری هەیە
هەر لەنێوان دوو دەنکدا،ڕەمزێک... گرێیەک... پەڕۆیەک...
بوونە بە ماتماتیکی گشت دوعاکانی پاڕانەوە.
کالکیولەیتەری دایکی من
لۆگاریتم و فیساگۆرسیش پەی پێ نابەن!
دایکم ئێستا بەم تەمەنە ڕیش چەرمووەی خۆی،



دوعا ناکات.
دوعا دەستی دایکم دەگرێ.
بۆ پەڕینەوە بەسەر پردی سیراتی (ننگرسۆ)دا.
ئای لەو حەیفەی مارمێلکەکان...
پردی سیرات دەکەن بەبازاڕی عوکاز،
شیعر و کچ و ئارابخای تێدا دەفرۆشن!.
دایکم دەڵێ... ئەو ڕۆژەی وا مارمێلکەکان کەناربییەکانیان
کرۆشت و، کوونەپەپوی (من) نەک (تۆ) یان هەڵدایە سەر منارەی
مەنگ
ئێمە هاتینە دنیاوە!
دایکم دەڵێ... دێتە بیرم ئێوارەیەکی دزێو بوو،
خۆڵ بارین بوو...
ئارابخا بوو بەبرینێک بەسەر سنگی سووبارتۆوە.
ڕۆژگار هات و،
لاشەی کەنەفتی ئارابخا...
بە شوێن دەستووری سێ لانەی ڕشانەوە خۆی کێش دەکرد.
پەڕەمووچی گومڕایی دەنا بەلا لێوی دڵنیایی.
هەر بەپشکۆ باوەشێنی زامەکانی خۆی دەکرد و.
لە پاڵ دیواری ئەژدیهای شارستانی،
تەزبیحاتی بە کەللە سەرو وردە چاوی هەڵکۆڵراوی گومان
دەکرد!
ئەم برینە... خوێنی وشکی هەڵدەهێنا و،
گشت پایزێک، لەگەڵ کۆچی نەوڕەسە باڵ ڕەنگینەکەی تلانەوە،
منالێکی تەمەن کورتی لەبار دەبرد.

***

ئەوا دێم و، بوخچەیەکی دەست لێ نەدراوی نهێنیم.
ئومێدێکی بێ هیوام و،
مەترسییەکی پڕ ئارامم!
چەند سەدەیە، لەسێبەری ئۆخەیەکی پشت کۆماوا،
تیرۆسامی موحیبەت و دڵەڕاوکێ نۆش دەکەم و،
هەر بە قاچاغ پەلی وەرزەکان دەگرم و،
سنوور دەکەم بە بۆراقی پەڕینەوە.
پەڕینەوە بەرەو سەرابی ئومێد و
توانەوە لە گومڕایی!...
پەڕینەوە بەرەو کەناری گوناه و،
مەقسەڵەی گشت (لاحول)ە کان.
چەند سەدەیە گۆڕ هەڵکەنی سترانێم بێ دەنگ...
بێدەنگ...
دەرژێمە نێو گرمۆڵ بوونەوەی هەناو!.
چەند سەدەیە خەمکوژێکی بێ جوگرافیام، تنۆک تنۆک
دەوەرێمە سەر شەونمە شەهیدەکان.
چەند سەدەیە جەنگ بێژێکی بێ ئەستێرە و سوێند و مەززەم،
دەکوژرێمە سەر تابووتی ماچ و عەقڵ.
سەفەرستانێکی سەیرە پڕ لە گوناه، پڕ لە گومان.
پڕ لەئەڤین پڕ لە ستران...
ئای لەو حەیفە وەریوانەی کەروێشکە سەما بە دەوری،
شەختە بەندی مەرگ دەکەن.
ئای لەو گوڵە بۆن ڕەشانەی، تام بەیەخەی سفرەی سنگی
پاڕانەوە و



ئای....
.... لەو مێژووە سپییەی
زۆنگاو دەکا بە هێلانەی تکا و نزا!.

***

بە شوێن جوانیما مەگەڕێ... وەختێ پیاسەی چەپکێ
دووکەڵی قەتیس بووی ژێر کێڵگەی پەرچەم و گومان
باوەشێ سوێند
کۆڵێ دوعا و ماچی وەریو...
بە هەناسەی (ننگرسۆ)وە ئاوێتە بێ.
بۆم مەگەڕێ... وام لە نێو باخچەی گومان و
لەسەر لووتکەی چاڵ پرسیاری چاوکز و
بەبێ نەخشە و دوور لە جوگرافیای تەعریب و یاساوڵی
شارستانی
چەپکێ سترانی ڕەنگ پەڕیو، بەدەستمەوە.
لە ژێر مەقسەڵی گوناها مشتێ نووری ئارابخام بە
سنگەوەیە و
چرای چێژم هەڵکردووە!
تاوێری بەرد باران دەکەم و دەبمە هاوڕێی ئەو داناییەی
تۆڕی ڕوحم هەڵدەداتە مێرگی چاویلکەی پرسەوە.
جەستەم لە ژێر بارانێکی ئەفسووناوی دەشۆمەوە.
لەبەر خۆری سوپارتۆدا خۆم هەڵدەخەم
وەک ئارابخا... هێشووە هزر و
چەپکە ماچ و
ڕوخسارە قەشەنگەکانی بیرکردنەوە هەڵدەسوومە

سیمای زبری گاوریاغی!...
لێم مەگەڕێ...
لەو پرسیارەی تۆی تەفرەدا هەراشترم.
لەو پەیڤانەی تۆیان کڕی، تۆیان فرۆشت،
تۆیان کرۆشت بە ژانترم!...
لە کونە هەوری ڕامانا... دەڕوانمە مەنفای ئەبەد.
لێم مەگەڕێ...
بە هەراشی لە دایک بووم
بەمناڵی دەچمە بەر مەقسەڵەی گوناه
لێم مەگەڕێ...

ئایار ١٩٩٩
ڤانکۆڤەر

تێبینی: ئەم قەسیدەیە لە گۆڤاری(ڕامان) ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.



## تاشینی ڕیشی عەشق

سەمەرەترین هەڵهێنانی مەتەڵەبێ نەواکانی ناسینەوەی دید و،
ڕژدبوون لە سەر نەخشی پیلانەکانی ڕێکەوت.
سەرخەوشکانێک...
لە سەر شاباڵی نەورەسی دۆگم و،
ماچکردنی کۆترە ئیرەییەکان ئەسەف.
وشککردنەوەی گۆشەگیری و
زەخیرەبازی... بۆ وەرزە سەر هەڵگرتووەکانی گومان.
کەینونە سەراپا ڕەشستان...
وەک ئەوەی ڕەنگەکان وجودیان نەمابێ و،
بوو بێتنە خومخانە...
ڕوئیاکان بە ڕاست و چەپدا...
ڕیتمێکی بێدەنگن...
ڕیتمێکن... سامناکتر لە گوناه
ئەی ڕەهای ڕەهاتر لە مەرگ و لەفڕین...

تەزرەکوت... ئەم جەستە خەڵتانی تاوانەم...
ماندووەم، بشۆوە.
بە بێدەنگ بەکپی...
لە بەردەم بارانی تووڕەییت دەوەستم.
بەبێدەنگ لە بەردەم فڕینی مەرزەکان
دەڕوانمە سەدەمەی دووژیان
ئەوەتا... وام لە سەر هێڵێکی نووتەکی
تارمایی و دەمامکە بۆرەکان بانگم ئەکەن
چەند دەکەم نابینم!
دەک خۆزگە چاوێکی هەڵۆییم لادەبوو...
تادەستی ڕەنگەکان بگرم و،
تا مەشقی بینینم فێربکا!
وام لە سەر هێڵێکی قەترانی...
لەم لاوە خەونێکی کورتیلەی ژیانە و،
لە لاوە بێ ئەوەی هیچ کەسێک بزانێ
تا ئێرە دواترپە. دوا مەنزڵ
دوا پۆستی ژیانە.
تاوان نییە پەڕینەوە بە سەر پردی کاتەکاندا.
بە سەر ڕۆحی وردبوونەوە ڕوانینی قورس.
تاماچێکی لە خەم ڕسکاو گۆپکە ئەکا
هەزاران شەو باوێشکی خەو دەیباتەوە
هەزاران ئەستێرە دەبنە تەمی سوور و،
ئاسمان دەکەن بە گۆمی خوێن.
ژێر بە ژێر...
بە چرپەی ڕازی باڵندە کۆچەرییەکان



نهێنییەک لە باکور و باشوور کردن بێ نوێژ ئەبێ.
من نەزاری هیچ ئەشکوت و،
نە هەناسەی هیچ دەربەندێکی تەنیام پێ ناگیرێ.
سەما چۆن لە دڵی ئاهەنگ زنجیرە ئەکرێ؟
کە نارییەکانی ئەم عەشقە عەجایەبەم
لەگەڵ هەورا بوونە هاوڕێ.
وەی لەو ساتەی لەسەر هێڵی بێ ئامانی
دوایین چرکە ڕائەمێنم.
وەی ئەو کاتە!
ترسنۆکێکی جەربەز و بە ختەوەرێکی بێ بەختم
جەنگاوەرێکی دۆڕاوم
ئای ئەو لەحزە پڕ ئەفسوونەی سەر ئەو هێڵە...
چەند دژوارە!
ڕەنگ زەردێکی دەم بەخەندە و،
سیمایەکی فریشتەیی و،
پشت چەماوەی ژێر کێوێک هیوا و ئاوات.
ئای قەدەر... لەو چارەنووسە دزێوە...
چ جەنگێکی بێ مانایە بەرپابووە...
لە نێوان ماچە دڕکەزەیی کان و
هەڵهەڵەی سەما...
دەم دەنێم بە مەمکی هزر و...
شیری مەعریفەت ئەنۆشم...
تۆش بەسێبەر دار قەزوانە قەزەمەکانی بنار ڕۆحما...
پیاسەی بێ ئۆقرەیی خۆت بکە و
جار نەجار...

دەستێ بکە بە سێبەری چاوەکانت و،
لەو شەپۆڵی حەشاماتە وردبەرەوە...
بۆ لای تۆ دێن!
ورد بڕوانە لەو نێوەدا!
دەنگ کەرخم دەناسییەوە و...
لێی بپرسە!
ئەرێ دوێنێ کاتێ جانتای بیرەوەری
حەڤدە ساڵیان لێ ون کردی چۆن هار نەبووی؟
لێ بپرسە:
چۆن لەشەوە ئەبەدییەکان...
فیکەی ترس لێ ئەدەیت و،
لە خشپەی پێ و...
دەنگی گڤەی گەردەلوولی وەیشەمەکان
سڵ ئەکەیت و،
چۆن ئەگەیتە بارەگای خەونە قورسەکان؟
لێی بپرسە...
لەو سەفەرەی (کات) دەستەمۆیە و،
(تۆ) سەروەری شتەکانی... هەست بەچی ئەکەی؟
لێی بپرسە!
لەو ڕۆژە ڕەشە چۆن ئەتوانی حەقیقەتی خۆت...
ون نەکەی؟
تا ئەتوانی لێی بپرسە...
بپرسە خوا چی بۆ کردی؟
پەیڤەکانی تکا و نزا و،
ماناکانی پڕانەوە فریات کوتن؟



تۆ بپرسە و با ڕەهێڵەی وەڵامی ئەو بتشواتەوە...
تۆش جەستەی خۆت بخەرە بەر گڕی ئاگر...
با خۆڵەمێشی دەنگم بێت بۆ پێشوازی...
پێشوازی لە نزیکترین یاوەری دوێنێ
تۆ جەستەی ڕچیوی نیوەشەو لە ئامێز ئەنێیت و،
من کۆرپەی خۆرەتاو.
تۆ دەستی بەستەڵەک ئەگریت و،
من گڕی هەناسە
تۆ خەریکی ڕنینەوەی بەروبوومی مەمکی خۆتی...
من چاڵاوگەی شیری عەشق لێ ئەدەم و
هەر بەزمان:
بەنداوێکی ئێجگار گەورە بنیاد ئەنێم!
بۆ پێشوازی لە کەرنەڤاڵ عەدەم و،
وجودستانی ئەم بوونە.
ماڵئاوا... ئەی چاوەڕوانی دوایین خشتەی ژیان و مەرگ
ئەگەر هاتی چەردەیەک خۆشنوودی لەگەڵ خۆت بهێنە...
بیخەرە نێو دڵی نەزاکەت.
گەر هاتی تۆزقاڵێک ئێرەیی بهێنە
بیکەرە دەمامەکی داهۆڵی لاڕێگا!
کاتێک دێت...
وەک ئەوەی لە خەونێک!
خەونێکی قووڵ دابم
قوژبن و لاکۆڵان شەقام و ناو شاری تاراوگەم پەی ئەکا و
جانتایەک لە ماچی زەرد و سوور
دەداتە دەم شنەی ونبوونا.

سبەینان...
وەک پیشەی جارانی و زۆر شەرمن...
ئەو جەستەی ماندووەم
لە تۆزی هەستێکی زۆر پیرۆز،
زۆر تەنک وەرئەدا و،
بە پرتاو ڕائەکا بۆ ئامێزی فەنابوون.
ئەو هزرە پیربووەی لە ئاوی مەعریفەی دۆگمایا ئەشوات و
خۆی ئەدا بەشاخی گومانا و
من خەوتووم، یان بێدار...... نازانم؟
وا بەبەر چاومەوە خەمێک دێت سنگم ئەگرێ و
ئەم مێژووە لە پەردەی گومانا ئەپێچێ و
بە فیکەی ڕۆیشتنی سەر پەنجەی کارەسات
ئیقاعی ڕەهاییی سەفەرێک بۆ ئەبەد دێتە بوون
وەک ئەوەی لە بەردەم کەشتییەکی نغرۆدا
ئاهەنگی فەنابوون بگێڕم
یان لە ڕێی مەرگێکی کتوپڕ...
شیعرێکم دادگایی خۆی بکا
یان لەگەڵ هەڵپەرکێی سپێدە ڕەشەکان
هاوارە تواوەکانی
پایزە وەهمییەکان
پسوولەی خۆزگەیەک بدەمە دەست باران.
تەنافی شەوەکان ئەمجارە چیرۆکی ئەستێرەی کوژراو و
تریفەی دزراوم
سەربردەی شەپۆلی بێ نەو او نێرگزی خاچ بە کۆڵ
بۆ پیرە کەنار و،



گوێچکەماسی وشکە بوو دەگێڕێتەوە...
ماڵئاوا...
ماڵئاوا... ئەی سەرابە بێ نەخشەکەی
وڵاتی عەشق وخۆکوژی
ماڵئاوا ئەی مێژووە هەراشەکەی ساختە و مافیا...
ماڵئاوا ئەی ماچە هەڵوژەیییەکانی فیراق
ماڵئاوا ئەی ڕیتمە بێ ناز کەتووەکانی سەمای مەرگ.
دەستم هێنا بەسەر ڕووبەری وەریوی گەڵاکان و،
هەڵدانی ناو نیشانە بزربووەکان.
لە ناسنامەی بەرائەتم ئەکۆڵیەوە.
بۆ پسووڵەی مەرگ ئەگەڕام
پێیان وتم (هەتا ڕیشی عەشق نەتاشی!)
نەباڵندە واز لە ڕەهای فڕین دێنێ و،
نەشەپۆڵیش ماچ و کەنار جێ ئەهێڵێ.
نەریتمەکان سەماکانیان ئازاد ئەکەن
ئەتۆش دەبێ بەئارامگای دار قەیسییەکی بێ سەروشوێن...
تاکو ڕیشی عەشق نەتاشێ
لە نهێنیی مەرگ ناگەی!
لە نهێنیی
مەرگ ناگەی.

٢٠٠٠-٠٧
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

تێبینی: ئەم قەسیدەیە لە گۆڤاری (شیعرستان) ژ (٦)ی ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە.

## بە چرکە چڕبووەکانەوە دێمە پێشـوازیت... تاراوگە

لە ڕۆژگارە تەنیاکانی نائارامی باڵم ڕسکا.
لە ژێر چەتری ئەو ڕووناکییە دەستکردانە
سەدان چاوی چاوەڕوانی... چاوی گەڕان،
چاوی خۆزگەم هەڵئەگلۆفی.
خۆم ئەنووساند بەسێبەرە شووشەییەکان.
بەنائومێدییەکەوە ئەمڕوانییە نائومێدی.
دائەنیشتم وە خەونەکانم بۆ چەندم جار ئەژماردەوە.
هیواکانم ڕێز ئەکرد و ئەمخستنەوە ژێر بالیفە ژەنگاوییەکەم!
یەک... دوو... دە... سەد... هەزار خەیاڵی قەشەنگم،
وەک کۆلارە هەڵدەدایە ئەو ئاسمانە پڕ نهێنییەی.
عەقڵی ئەمڕۆ پەی پێ نابات.
ئای تاریکی چۆن ئەم جەستە سڕ و ماتەم.
بەزەمزەوەی بێ ئاواتی تەڕ ئەکەیت و ونم ئەکەی
ئای تاریکی وام لە بەردەم دەرگای تۆدا



دەستە پاچە لە بە خشندەیت ئەڕوانم تا تۆزقاڵێک میهرەبانیت،
بنێیتە سەر لێوی وشکی چاوەڕوانیم.
ئەو لێوەی وا بێجگە لە خەم،
هیچ ماچێکی تر ناناسێ.
سییەکانم هاوارئەکەن لە تاو تەنگتربوونەوەی قەفەسەی سینگم.
دڵم بە جارێ دەگوشرێ...
وەختە جێگای عەشقی تێدا نەبێتەوە.
جەستەم پارچەیەک ئاگرە، کێوێک خەمە.
من دوواین ویستگەی بوونم جێ هێشت، بەو هیوایەی
لە مەملەکەتی عەدما ببمە پەڵەیەک لە هەوری ناو تابلۆیەکی زستانە.
بەپەری باڵی پاسارییە کێویلکەیەک.
بەدەنگە تەرزەیەکی ڕەش.
بە بەردێکی قەد شاخێکی بیابانی تاراوگەیی.
بە گەڵایەک... وەختێ سووجدە ئەبات لە سەر شۆستەی وەرین.
هەڵدەستمەوە و ئەم خەونەشم ئەپێچمەوە
ڕۆژێکی تر لە چاوەڕوانی ئەسپێرمە ئەو ڕابردوەی تیایا خولڤاوم.
ترسم نییە لەوەی شەپۆلێک سزام بات...
ڕەشەخەمێک بمتۆرێنێ
پێکەنینێک بمدات لە سێدارەی سەما.
چی خۆشترە لەوەی بازدەی بەسەر بەردەبازی،
ئەو تۆفانەی تێیدا ونی.
چی خۆشترە لەم هەرێمەی بەهاکان بەقاچاخ سێکسی شەرعی ئەکەن.
فرمێسکەکان بێ پەساپۆرت،
بەسنووری لوغم ڕێژکراوی گریانا ئەپەڕنەوە و،

کتێبەکان وشەکانیان ئەفرۆشن و،
منالێتی خۆیان ئەسپێرن بەو شەوە خەوالّوانەی،
هەتا ئێستاش حیکایەتی ئادەم و سێو ئەگێڕنەوە.
لەم هەرێمەی جوانی بووەتە جەنگی دۆڕاو...
ڕۆژە سارد و سڕەکانی ئەم غوربەتگا ڕەنگ پەڕیوەی،
لەجیاتی(بەیانی باش و هەواڵ پرسین)،
بە قاوەکەی دەستیەوە دێ و،
جەستەی ئاو و گازاندەکانی ماسییەک
دەنێتە نێو مانشێتەکانی ڕۆژنامە بێ دەنگەکان،
گەرماوەکان لە قوژبنی کۆلانی فێلّ و ساختەیا
هێرۆین دەدەن بەبیری بەستەڵەکی نەوەی مرۆڤ.
هەرچی هەیە لە ژێر ڕەحمەتی نیشانەی پرسیارێک و،
گومانێکی سەربڕاودا بووە بە (نەء)!.
پێکەنینە تەزویرەکان، زەردەخەنە ئەدەن لە قژی ڕوخسار و،
سیما فرۆشراوەکانی دەم کەناری پاسیفیکا.
فریشتەکان... جەستە خۆڵەمێشییەکەی ئاسوودە و،
بەژنە تواوەکەی ونبوون و،
هاوارە نەزۆکەکانی تاراوگەیی ئەوەرێننە سەر باڵەکۆنی پێشوازی.
پێشوازی دەنگە دوورە خۆشەکەی دەهۆڵ.
پێشوازی لە خەونە پرتەقالّییەکانی بەرد و،
هیچ بوونی ئەو گەشتەی لە نێو بازنەی ڕەها،
ڕووت دەبێتەوە وەک زەمەن.
زەمەنی نێو سەردابەکانی پاشماوەی جەنگی جیهانی چوارەم و،
قەلاچۆکردنی دوایین وێستگەی شۆڕش.



ترسم نییە لە سەفەر و مالّئاوایی
لە پێچانەوەی بوخچەی ڕۆح.
لە خوێندنەوەی ڕەگی خوێن و دەمارەکانی ئاخاوتن.
ترسم نییە لە گریانە بێدەنگەکانی بالّندە و،
لە زەمەنە گومڕاکانی سڕینەوەی خەتای گەورە و،
چڕبوونەوە لەسەر هێلّی وەهمی عەشق.
چڕبوونەوە لەنێو چرکە قەتیس بووەکانی عەدەم و،
ئەزبەرکردنی سروودی مەزنی مردن.

ناوەڕاستی/٢٠٠١
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

تێبینی: ئەم شیعرە لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٧٥)ی سالّی ٢٠٠ بلّاوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەی قەسیدەیەکی نەنووسراو

ئەو دەرگایە بکەرەوە...
کلیلی سزای ڕاستگۆیی و،
گەڕای ڕاستی کلۆم دراوی نهێنیی ڕەنگ
پڕ بە قەبارەی تاوان و،
شیکردنەوەی مانا وەهمییەکانی ڕوح و،

بزربوونی هیچ و بێ مانای پاش عەدەم
ئەداتە نێو ئەو تەوێڵەی پێی ئەڵێن بوون!
ئەو پەردەیە دادەرەوە
نەبادا نیگا سرکێکی توند و توڕە
لەشی ڕووتی ناخم بداتە بەر سەرنج.
نەبادا ترس باڵیۆزخانەی دڵم بگرێ و،
چاوترووکانی ئەستێرەیەک
دابکێشتە نێو سنووری گومانەکان!
ئەو پەردەیە دادەرەوە...



نە بادا مەرگ نمایشی توانا سڕبووەکانی بکا و،
بەبێ مۆڵەت...
ڕۆحە سپییەکانی گوناه
هەڵبداتە سەر درەختی پاشبوونەوە.
ئەو ڕووەم لێ وەرمەگێڕە...
تا پەرچەمی پاڕنەوە
باوەڕنامەی متمانەبوون
دەست گرتن بە جەمسەرەکانی جوانی و،
کلک و گوێ کردنی گلەییەکانی زمان.
هەتا مێژووش بە قەرزی تازە و کۆنییەوە
تاکو زیندان بە شایەدی و،
بەئەشکەنجە مەییوەکانی نێو گیانی و،
بە هاوارە ڕووخاوەکانی ساڵانی پێش ۲۰۰۰
بەفریودانی قەشەنگ و،
بەجنێونامەی سیاسی و،
بەفرۆشتنی ئاخرین ڕستەکانی (کارل مارکس)
بەزیندە خەونە زلەکان...
بۆ دەست گرتن بەئایەتنامەی پاشقول و،
کەشفکردنی دۆسییەکانی هەڵوێست گرتن...
بەئیعدام کردنی ڕخنە و،
سزادانی قوربانییەکان.
بەدانانی گەرای ڕوو سپیکردنەوەی جەنگ و
لەقەنارەدانی جەستەی حیزب!
بە پەشتەماڵی پەراوێزی ڕامانێکی پێوە پێچراو

بەگەردیلە زەبەڵلاحەکانی سەرنج
لە ڕوانینە بێ ئەژمارەکانی بینین و،
لەدوا خاڵی بۆ شاییە بێ کۆتاییەکان و
فەنای سەما.
بۆ وردبوونەوە...
لەتابۆیەکی نەبینراو
لە ئازاری هەست پێ نەکراو
لە زانایەکی گێل
لە مناڵێکی پیر
لە بەفرێکی گەرم
لە ڕۆژێکی تاریک
لە خەمێکی ئاسوودە
لە شۆڕشگێڕێکی بێ باوەڕ
لە ئاینێکی بێ پێغەمبەر
لە مۆستایەکی نەخوێندەوار
لە شیعرێکی بێ وشە
لە دەریایەکی وشک و
لە شەڕێکی ئاشتیخواز...
کە ڕووتم لێ وەر ئەگێڕی
حوکمڕانی ئەو هەرێمی ناوی هزرە هەرەس دێنێ.
وانەکانی جەربەزەبوون،
لەودیو شیشی زیندانەکان دەبنە هەڵم.
لە نوشست و هەڵکشانە مناڵییەکەی
ئەوباوەڕەی نێو چوار چێوە جیاوازەکان



کە هەر خۆی ڕابەری گشتی
وەک سەرکردەی دەفری فڕیو،
وەک ئەستێرەی هۆلیودێکی کەس نەدیوی مەنفا شکێن
وەک هێرقلی کۆمپیوتەری دێتە بەر چاو!
عەقل و شعور و ئازادی مرۆڤەکان
هەڵدەدەنە نێو Garbage ی ئەم هەسارە پیس و پۆخڵە و
جەستەش ئەکەن بە ئامرازی
سەرکەوتنە پڕ نهێنییەکان.
فەلسەفەکان دەکەن بە کاریکاتۆر و،
قوربانییەکای بۆ یادەوەری شەهوەتیان.
مرۆڤایەتی دەبینم لە Garage sale سیاسەت
بە $ دێتە هەڕاج و،
مێژووش سەری خۆی کز دەکا!
چی نابینی......!!
چی نابینی لەم زبالە بێ ئەو پەڕەی ئەم هەسارە کلۆڵەمان
چی نابینی لەم کاریکاتۆرە ڕەشە!:

***

سبەینێ دێ و ئەو سەفەرە ئەبەدییەم لە دایک ئەبێ
منیش وەکو ئەوانەی بەر لە من ڕۆیشتن،
دەبمە مشتە خۆلێک
یاخود دەبمە گەردێک بۆ گەردانەی گوڵاڵەیەک
یاخود دەبمە خاڵی سەر باڵی پەپوولە نەخشینەکان.
هەر بۆ هەوەس
دڵی چەندین هەرزەکاری وەکو خۆیان ئازار دەدەن

سبەینێ دێ و...
لە ئێستاوە ورد ئەبمەوە لەو لە حزەیەی
دووایین هەناسەی تیا ئەدەم.
سبەینێ دێ و...
ئەو سەفەرە ئەبەدییەم لە دایک ئەبێ.
پاش هەڵوەرین
شەقامەکان وەکو جاران جمەیان دێ و،
بارەکان زۆر گەرم و گوڕتر
تەلارەکان بڵندتر و
مرۆڤەکان هەڵپەی زیاتر و
شاعیرەکان شیعری چاوسەوزتر ئەنووسن!
خۆر هەڵدێت و ئاوا ئەبێ و،
هەموو شتێک بەبێ وەستان لە جووڵەیە.
بەبێ ئەوەی کەس بزانێ، لە ڕۆژگارێک
لە سووچێکی ئەم هەسارە
منێک هەبووم... دڵم بەقەد کێوێک وابوو
لێواو لێو لە خۆشەویستی.
لە ئەوینی کچە قەرەجەکانی مەنفا و،
لە باوەشێنی پەرچەمی ئەو کچە خۆرهەڵاتییەی
بەخچەیەک خەون لەگەڵ خۆیدا دەوەرێنێ!
ئای کە هیچە ئەو پەلەپرووزە و
خۆتێکدانەی ژیان لێی کردووین بە عادەت.
ئای کە هیچە ڕۆتینیاتی بیرکردنەوەی لە سێدارەدانی حەز و،
هەڵدانەوەی گۆڕی ماچی ئەنفالکراو!



ئەو دەرگایەم لێ بکەرەوە...
چونکە هەرچی دەرگا هەیە لێم داخراوە.
ئەو سەفەرە ئەبەدییەم وا مێژوویەکە بەڕێوەیە
بۆ ناسینی هەڵپەیەکی لەسەرخۆ و،
دەنگ هەڵبڕینێکی کپ و،
ڕاکردنێکی هێواش و،
بڕیارێکی دەستەپاچە و،
هەنگاوێکی ون و،
ڕامانێکی کوێر و،
شەرمێکی بێ چاوڕوو!
ئەو پەردەیە دادەرەوە...
بائەستێرە دۆڕاوەکان، نەچنە بەردەرگای هیچ خاچ و،
نەچنە بەرچەقۆی هیچ شەوێک.
ئەو پەردەیە دادەرەوە...
وا خەوێکی قووڵ زەفەرم پێ ئەبات و،
ئەو ڕووەم لێ وەرمەگێڕە
با لە دووایین تێڕوانینما، ماچە نیگایەکت بدەمێ
ئەوپەردەیە...
ئەو دەرگایە...
ڕووت... وەر... مەگێڕ... ڕە
نا... نا... نا... نا...

٢٠٠٠-٠٧
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

## بەخشـین

(کاتێ مرۆڤ لە دادگای ویژداندا وەک دانپیانراوێک دەکەوێتە بەر سزا،
تووڕەبوونێکی لەززەت بەخش ئارام بەخش لەدایک ئەبێ).

بەخشین...
بەخشین لەو هەموو ئاهانەی،
کە لە سێبەری دەستەپاچەییدا دەوەرین.
لەو زەمەنە غەددارەی قەنارەی خەمی بۆ بزە ماندووەکان و،
زەردەخەنە لاوازەکانی تەنیاییمان هەڵخست.
بەخشین لە نەورەسی فرمێسک و تامی شەکراوی
برینە سەرهەڵگرتووەکانی غوربەت.
بەخشین لە تامەزرۆیی دیدارە پرچ سپییەکانی
نێوان من و جیهانی ڕۆح.
لە حەسرەتە زەین کوێرەکانی دوورگەی مەنفا
بەخشین لە خۆم،
لە تۆ،



لە هەموو ئەو ئاواتانەی کەوتنە ژێر بوومەلەرزەی ژیانەوە.

***

لە گێڕانەوەی سەربردەی چیرۆکە تراژیدیاکان و،
کەوتنە خوارەوەی سەرنجە ڕەق تەقەکانی بێ هاوەڵی و،
ساردبوونەوەی شەونمی گوناه.
لەباس کردنی پاڵەوانە دۆڕاوەکانی جەنگە ڕووزەردەکان و
خوێندنەوەی کتێبە نەنووسراوەکان.
لە فێربوونی ئەلفوبێی ترس و لەرزە هەڵماوییەکان و،
دادانەوەی پەردە پینەکراوەکانی گومان.
لە شووشتنەوەی هزر و،
چڕبوونەوە لە مەعریفەتە سارد و سڕەکان
لە تەونی ئابلوقەدراوی وەحشەتناکەکەی تاراوگە و،
هەڵوەشانەوەی سەرجەم گریمانە بەردینەکان
لە ئەگەرەکان...
لە بیردۆزە شاخدار و پێشهاتە بەجێماوەکانی
نێو ئەفسانە جوانەمەرگەکان.
لەقامووسە ژێر پێ کەوتووەکانی دادگاو سیناتۆرە بێ دڵەکانی دوودڵی و
لە ئاهەنگی زەماوەندی مرۆڤ... مەرگ
لە بەخشین
تا سەر ئێسکی پاڕانەوە و زەلالەتی
تا تەحەددا...!
بەخشین لە جوانەمەرگیی من و تۆ و
هەڵکشانی دووایین چرکەی ماڵئاوایی.

***

نەفرینە هەوڵ کوژەکانی ئوردگای متبوون و
بەهەنگوین کردنی سندان و،
لە سێدارەدانی شەپۆڵ و،
پڕکردنەوەی ناسنامە تەزویرەکانی هەناسەساردی،
گەمارۆدانی دیواری ترس و
داگەڕان بەپەیژەی خەونە بێ سەروبەرەکانی باڵندە و،
کۆچ کردن بەرەو هەندەرانە تاریکەکان.
بۆ بەخشین و نووشتانەوە لەبەردەم ئەو دڵەی هەزار جار
خەجاڵەت باری بووین و پێی پێکەنین.
بەخشراین و مەیتی لەخاچدراوی خۆمان لەگۆڕ ئەنا
ئەجەنگاین و لاشەی کوژراومان بەتوولە ڕێی
بەزین و دۆڕانا بەکێش ئەکرد.
ئەمردین و هەر ئەو ساتە زیندوو ئەبووینەوە و،
ئاییینەکانمان ورد و خاش ئەکرد و
لە دەلاقەی خەونێکی هیچ و پووچدا سێکسمان لەگەڵ
تاواندا ئەکرد و
ڕەوە... ڕەوە... تاوانمان ئەنایەوە.
تا گۆی زەوی پڕبوو لەتاوان.
ئێمە گوناهبار نین، گوناهکارین... دەبێ لاشەی گوناهەکان
لە تاوانە ڕەنگاوڕەنگاکان پاک کەینەوە.
بپاڕێینەوە بۆ بەخشین لەخۆم
لە تۆ...
لە ئێمەی نەوەی گوناهـ و نەفرەت.
بۆ بەخشین لە دووایین یاخی بوون و،



ئاخرین سەرپێچی کردن لە سزا.

***

لە ڕەت بووندا بە نێوەندە تەڕ و وشکەکانی حەقیقەت و زانست و،
هەڵوێست گرتن لە سەر میتۆدە سارد و گەرمەکانی ئایدیا و،
وردبوونەوە لە چەق بەستنی مرۆڤ و،
چاو گێڕان بە ئینسکلۆپیدیای هەرەسە یەک لە دوای یەکەکانی تێکستی
فەلسەفە کورتە بنەکانی پەشیمانی و،
پشت کردنە تیۆرە دەم تیژەکان.
بۆ ناسینەوەی کرۆکە ونبووەکانمان و،
دۆزینەوە میراتی فێربوونی بە پایان سپاردنی سوێندە گەورەکان و،
لە جێ جێخستن جومگەی پەیمانە بێ ئابڕووەکانی عەروەتخانەی،
نێوان جەمسەرە دژ بە یەکەکان.
فێربوونی خۆ خاڵیکردنەوە لە حەقیقەت و،
بازدان بەسەر بەردە بازە مل کەچەکانی ڕووباری عاتیفە و،
فێربوونی بەبەردبوون
فێربوونی نغرۆکردنی خەونە پەمەیییەکان.
فێروونی داواکردن لە بەخشین
بەخشین لە ژیان...
لە من...
لە تۆ...
لە تەواوی فرمێسکە شەهیدەکان و
کۆستە کۆست کەوتوەکانی وجود
بە خشین لە بوونم

له بوونت،

له بوون.

٢٠٠٠/٠١/٢٣-٢٢

ڤانكۆڤەر-كەنەدا

تێبین: ئەم قەسیدەیە لە گۆڤاری(ئاینده) ژماره(١٤) ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.



## بازگەی عەشق و توێکڵە ماچی وشکەوەبوو

له پەنای بیابانی غەریبیما
چاوەڕوانیم هەتا دەهات خەم ڕسکاوتر...
جۆگەلە فرمێسکی لە مل دەئالاند و.
بەدیار کەژی تەنیاییەوە.
نوێژ گریانی دادەبەست...
وەک بیەوێ خۆشنوودی دەستەمۆ بکا و،
کاژی خەمەکان دامالێ.
وەک بیەوێ گردۆلکەیەک کامەرانی مالّی بکا و،
بەردڕکانەی ئازارێکی سیسەوە بوو،
بەرەو فەنابوونی جەستە ڕابماڵێ...
سێبەر بکا بە هێلانە و،
پەڵە هەور بە بالیفی حەسرەتەکان.
تەلارێک لە خۆزگە ون بوو،
ئاسمانێکی خۆڵەمێشی بەشان دادا و.

لە پرسەی چڵە نێرگزێ، پشت کۆم پشت کۆم...
بە گۆچانی هەڵکشان و بە لارەلار،
ستران لە ئاو هەڵدەکێشێ.
وەک بیەوێ، نەهامەتی تەی بکات و
تۆش مێژووە سنگ کون کونە، قژ سپییەکەی خۆت
بە کۆڵەوە هەڵبگری...
وەک بخوازی دەم و چاوت بە تەمتومانی
هەراسان تەڕ بکەیت و،
ماچی لێوی موحیبەت کەی.
پێت دەگوتم، سانا نییە ماچ و شیعر سەما بکەن
گوڵ گەنمی حەسرەت ئەوبەر دڵنیایی...
بچنینەوە
سانا نییە...

***

هێشوە مێژووت تا دێت وەکو فەریکە نۆک
پێ دەگات و،
ئاودامان تەڕ دەست بە خەون و بەحەقیقەت نەمامە نیگا ئەنێژێ.
(ئاهی نێرگزێکی شەهید
گزنگێکی لە خاچ دراو...
کرووزانەوەی کە ناری دورگەی هەور و تەم و سێبەر)
بە دەستی پڕ لە گوڵەوە بۆ ڕێڕەوی ونبوون ئەبرد.
ئەنیشت لە وێرانستانی
هەڵمە ئەرخەوانییەکانی خولیای پایز
بازگەی عەشق دابخەم و،



چرکە سڕبووەکانی زەمەن بوەرێنمە نێو بێشەڵانی نامۆیی و
ئۆقیانووسی هەشتەم کیشوەر.
تۆش...
لەم زستانی تەنیاییە
هێور... هێور...
هەتا دوایین دڵۆپی دەریای تەماشا
چاوبگێڕە...
بازگەی عەشق داخستنی مەحاڵێکە
مەگەر بارانە ماچ دەکا
مەگەر بەرەو نمایشی دوایین سەما
ڕەنگ هەڵبکا....

ئۆکتۆبەر ١٩٩٩
ڤانکۆڤەر–کەنەدا

تێبینی: ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ژمارە (٤٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

## حیکایەتی ئیبراهیم و موناجاتی سووتانی ئاو

(دوا قەسیدەی باوکمە بەر لە مردنی ناردبویەوە بۆم و
لە بەینی پێخەفەکانی سەر سندووقە دارەکە دۆزیمەوە)
لە شارە دوورەکانی بیابانەوە هاتووم...
لە سەر باڵی ئەو خاچانەی بوونە جەللادی مەسیحی دڵی تینوم،
بووم بە بانگ و،
تەرمەکانی خۆشەوستیم بوون بە شوێنی
نهێنییەکانی مردن و،
سووتانی شەوە دڵ بەفراوییەکان.
لە قووڵاییی ئۆقیانۆسی سەرابەکانا هاتووم و،
لە سەر سنگی شەپۆڵێکی بێ عەجمان و ئۆقرە بڕاو
بووم بە چاوی ئەو دوورگانەی هیچ گەڕیدە و
جوگرافیاناسێک نایناسێ.
سەدەیەکە من سۆراخی هەواڵێکی ونبوو ئەکەم
وێڵم بە دوای چەند ماچێکی ئاوارەدا.



سەدەیەکە شیعرێکی سەر هەڵگرتووم و،
چاوەڕوانم لە ژێر گومبەزی بارینی بارانێکا
وردبمەوە لە سووتانی ئاو
لە گریانی تاشەبەرد وەختێ وردوخاش ئەکرێ
لە زریکەی خاک، کە بوومەلەرزەی مردوویەک
دڵی دەکا بە دوولەت و
بە دووکەرتی لە یەک نەچوو.
سووتانی ئاو هاوکاتە لە گەڵ گریانی دڵ و
سەمای بەدەن.
هاوکاتە لەگەڵ کۆچی ترس و،
چرۆکردنی خونچە سیسبووەکانی خەفڵەت.
سووتان لە ئاو پاکیزەکردنی جەستەی ڕوحە
لە گوناهە گەورەکانی پیاو بوون و
باوک گەورەیی
سووتان لەئاو پاکبوونەوەی هزرە
لە خەڵتە ڕەشەکانی ڕۆژهەڵات
پاکژبوونەوەی بوونە
لە نەفرەتەکانی کیشوەرە بەر بادەکان و
لە نەعلەتەکانی دوورگە نەدۆزراوەکان.

*

(باوکم لە ناوقەد مسۆدەی قەسیدەکەیدا ئەم دێرانەی بۆ زیاد کردبوو)
من وەکو ئاشێکی ئاو لێ بڕاو، عومرێکە ئەترسم
دۆزەخی دڵی تۆ بمکاتە خۆڵەمێش
عومرێکە ئەترسم لە پرسەی گەڵایەک،

له خەمی نهێنیی دڵپیسی و
تەئسیری گەڕانە گەورەکان  بیمەوە بەمناڵ
ئاوێکی سووتاوم بە لەشدا ئەگەڕێ...
من تری سووتاندمی و،
بارانیش خنکاندمی.
من...

*

خەمێکی ترساوم بە دڵدا ئەگەڕێ...
ئەوەتا لە عەشقی باراندا بووم ئاو،
لە چاوی دەریادا... بووم بە خۆر
سەدەیەکە ڕوئیای عەشقم، جەستەی کردووم بە تابووتی عەزل و فیراق
ببورە ئێوارە خەمناکە تەنیاییی‌یەکەی تاراوگە
ببورە کەناری بێ ناز و،
هەورەکان ببورن.
من ئاوی سووتاوم بە دڵدا گەڕاوە.
ئۆقیانووس، باڵندە، شەپۆڵە هارەکان، ببورن.
من خەمی سووتاوم بە ژیندا گەڕاوە.
سەدەیەکە... گەڕیدەم و نهێنییەکم بە کوژراوی لە چاڵ ناوە.
نهێنیی ئاوی سووتاو و،
موناجاتی قەسیدە نەمرەکەی باوکم.

*

(ئەو دەرگایە بگۆڕە...
ئیبراهیم بە ئیسماعیلی وت) باوکم.
ئەوە حیکمەتێکی پڕ ئەفسووسی بەربڵاوی هزری باوکم بوو، گوێم پێ نەدا.



ئێستاش سزاکەی ئەچێژم. سزایەک کەبە شێک لە تەمەنی زێڕینمی گرتەوە!
من هەردەبێ لە نێو کونە دەلاقەوە بڕوانمە خۆر
دەستم بەرم هەتا تاڵە تیشکێک ئەگرم،
بیئاڵێنمە جەستەی ئاو و،
قەدی بزێوی شەماڵێک.
من هەر لە نێو کونە دەلاقە کۆنەکەی ماڵی ئەوسام
بڕوانمە سیحری دەرگا و،
گەنجینەی پڕ بەرەکەتی.
هەر لە کونە دەلاقە چاو بەستراوکە... ئاو ببینم
چۆن ئەسووتێ و،
باڵای گڕی تێ بەر ئەبێ.
کۆنە دەلاقە کۆنەکە ڕێی گۆڕینی ئەو دەرگایەی لێ شێواندم.
خۆمن دەرگام نەئەبینی واژە بە ڕووی ڕەشەباکان.
واژە بەڕووی ئەو زریانە سەر هەڵگرتووەی
بە نیازە ئاوی سووتاو خامۆش بکا.
خۆ من دەرگام نەئەبینی لە شەوە تارەکانی نێو حیکایەتی من و ئاوا
پەپوولە نازیکەکانی سەر ئەبڕێ و
دەرخواری دڕندەی ئەدا.
هەر لەو کونە دەلاقەوە ئەمڕوانییە خۆم و خۆت و ئاو و دەرگا
ئاه گوناه بووم
سەختە شاعیرێک گوناه بێ
دەرگاکەیشی واز بێ بەڕووی گۆڕی ئەستێرە ونەکان.

*

(باوه...  باوه... به سۆراخی دوایین چۆڕی خۆشەویستیی تۆوه دێم و
کوڕەکەشم هەمان خەمی منی هەیە) من
(خۆزگە پڕ بە دڵی خۆم تێر خۆشەویستی تۆ ئەبووم) کوڕەکەم
ئیبراهیم لە دەروازەی هەزارەی سێیەم...
دەرگا و دەلاقەی سەر بڕی بۆ خوا
منیش دەنکە هەنارێکی شیرینم گرت بە دەزگیران
باوکم بەر لە وەی تەمەنی درێژی بۆمان جێ بێڵێ گۆڕینی دەرگاکەی
بە چاوی خۆی بینی و بە ئۆخەیەوە ماڵئاواییی کرد!

ئایاری ٢٠٠٢
ڤانکۆڤەر–کەنەدا

تێبینی: ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ژمارە (٥١٣) ساڵی (٥٧)ی تەمموزی٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.



## CD یەکانی بێدەنگی

خەمێک لە خوێن...
سوکناییيەک لە چاوەڕوانە بێ ئەنجامەکانی هەراسانستانی حەسرەت.
بارێک لە دوودڵی و گومانە سەر یەک کەوتووەکانی هەرێمی سەفەر،
کە سێبەری دەخستە سەر جەستە لمییەکەی ئەندێشە!
لەو لەحزە سحرئامێزەی سەما ئەچێتە ژێر باڵی فڕین و،
چەردەیەک بێدەنگی ئابلۆقەی دوورگەی هەوەس و،
داگیرکردنی نیشتمانی شەهوەت دەدا.
من لە پێستی هات و هەرا و فەوزای تەنکە ڕقێکی مۆر دێمە دەرێ و،
دەچمە لێواری بیرۆکە کوژراوەکان.
گوێ هەڵدەخەم لە مۆسیقای ژەهرنۆشتنی سوقرات و،
پەڕینەوە بەسەر هێڵە وەهمییەکانی ئاوێتەبوون.
ئەو هێڵە ڕەنگاوڕەنگانەی بێ لە شیعر،
هیچ چاوێکی تر نایانبینێ!
گوێ گرتن لە سەمفۆنیای کۆتایی هاتنی کات و،

ڕەنگ کردنی هەڵمی هەناسەی سەر ڕووی ئاوێنە.
گوێ گرتن لە بۆشاییی سترانە نەوتراوەکان.
لە گۆرانییە بێدەنگەکانی ٢١ ی دیسامبەری ٢٠١٢.
لە هاواری پاکژبوونەوەی کۆتایی.
گوێگرتن لە دەستنان بەڕووی عاتیفە پارچەپارچەبووەکەی ماڵئاوایی و،
فرمێسکە یاقوتییەکانی هەڵدانەوەی کۆمارە قەدەغەکراوەکان.
ئەوەتا لە باران پاکژبوونەوە و،
لە هەور گریان و،
لە دەنگیش سزا فێر دەبم!
بێدەنگی بیابانێکی تینووە و ئەمخواتەوە.
بێدەنگی کیژێکی ناسکۆڵەیە و لەگەڵ هەر ڕاموسانێک بێدەنگتر ئەبێ.
بێدەنگی ساتی هێوربوونەوەی ڕۆیشتنی هەورە بەدالانی ئاسمانا.
ساتی سپیبوونەوەی عەشقە لە گوناه.
بێدەنگی ساتی تام کردنی فرمێسکە دزراوەکانی ئەودیو بەرائەتە.
جیلوەگای وێنە شێواوەکانی قەد دیواری ڕوئیاکانە.
کاتژمێری زەمەنە شکاوەکەی دوای مردنی ئەفسانەیە.
چرپە مەیوەکانی نێو شووشوی هەستە.
سۆراخی کۆچە سرەکەی غوربەتگایە.
بێدەنگیی ساتی لە دایکبوونی منە.
لە بێدەنگیدا شیعر ئەنووسم و،
بە بێدەنگیش بیر لە بێدەنگی ئەکەمەوە.

*

دڵتەنگ ئەبم بە گەڕەلاوژێی بەریەک کەوتنی کاتەکان
بە هات و هاواری داچۆڕانی نەشئە و،



بەختووکەی ئەو دڵخۆشییەی کە خەریکی سەرخەوشکێنە لە دالانی برسێتیدا.
بەخول خواردنی ئەو بازنەیەی کە ڕۆتینی پێ ئەوترێ.
دڵتەنگ ئەبم بەهەڵخستنی سێبەر لە هەتاوا.
بەخەو بینینی بەفر وەختێ دەبێتە هەڵم.
بەکپی دەگەڕێم بەشوێن تەرمە بەجێماوەکانی هاوار،
وەختێ لە جەنگی هەراسان کردنی ویژداندا دەکوژرێن.
بەهێمنی دەست دەنێمە سەر چاوە خەواڵووەکانی کزەبا،
کاتێ لە خەوی چێشتەنگاوا بەئاگا دێ.
لەسەرەخۆ دەکەومە دوای هەڵواسینی ئەو ویقارەی،
دڵتەنگیی دەکردە مەدالیای پاداشتی وریابوونەوە.
ئەوەتا بێدەنگی بووەتە کلیلەی دەم و،
ژاوەژاوی لەدایک بوونی قوربانی لە منداڵدانی شەڕدا.
بۆتە قەڵس کردنی جوانی لەبەردەم ڕاستییە شاراوەکان.
بۆتە شەرابی ئاڵی زەجر نۆشتن،
لە زەخیرە خستنی ڕۆژانی شووم.
بێدەنگی ئەو قەبارە تەنکەیە کە بەردەوام دەوەرێتە نێومەوە.
سوکنایم دێت بەو ئارامییەی گاڵتە بەتەماشاکردنی
پەلەقاژەی مەرگی دڵۆپە ئاوێک ئەکات.
دڵنەواییم دێت بەو شەوەی لەبەردەم قەنتەرەی خەونما،
خەریکی خوێندنەوەی دووایین بەیتی قەسیدەیە.
ئیرەییم دێت بە ناسینی ئەو دایناسۆرە وردانەی،
ڕەوە... ڕەوە... سەری کزەباکان ئەگرن بەرەو بەهەشت.
ئیرەییم دێت بەپێکەنینی ئەو دەریا خەڵەفاوەی،

عەیامێکە چاوەڕوانی کەشتیی بەختە.
ئیرەبییم دێت بەسەماکانی فڕینی ئەو پشووانەی،
خەریکن جەستەم ئەکەنە مۆڵگای ژووان.
ئیرەبییم دێت بەخۆم، بەتۆ، ئەی بێدەنگی!
*
لە بێدەنگییەوە فێربوم بەردم خۆش بوێ!
وانەکانی وێرانەیی ئەزبەر بکەم.
سەیرکە لە سەر ڕەفی بیرکردنەوەکانمان
تەپوتۆزی بێدەنگی نیشتووە لەو شیعر و چیرۆکانەی،
شۆڕشێکیان دژ بەبێدەنگی بەر پاکرد.
سەیرکە لە نێو کۆڵانەکانی بێدەنگی
چ تەنیاییەک حوکمڕانە و
درۆکانی کارەساتە بەفراوییەکان چەند بزێون!
لە بێدەنگییەوە فێربومە ئەو جەستانە خۆش بواتم
لە زیندانە قەترانییەکان بە بێدەنگی دەبنە خۆڵەمێشی سووتاو
ئایاتەکانی هەراسان وەربگێڕمە سەر زمانی ئەو لالانەی هەڵەوەڕن!
بوعدی من و دەنگ و فیکر
جەستە و ئەبەد
سەما و مەرگ بێدەنگییە.
بێدەنگی... تەنیایی و جوانی، گۆرانی
عەشق و هەرەس و نائارامی
ئەی ئیمپراتۆرە مەزنەکەی گەورەتر لە بیابان و،
سامناکتر لە تەنیایی.
ئەی خاڵی پێک گەیشتنی من و مردن



من نازانم نا... بێدەنگی لە من گەنجترە،
یاخود من لەو مناڵترم؟
سینگم ئەگوشرێ... وەختێ بێدەنگی ئەبینم لە قوژبنی
کۆڵانێکی چاوشکاودا هەڵکورماوە.
یان لە کەنار گرەوێکی باڵا کورتدا خەریکە سروود دەبێژێ.
چەند سەختە وەختێ بێدەنگی دەبێتە هاوەڵی کۆتر و،
دۆستی کۆچ و، هاوڕێی فەوزا!
سەختە بێدەنگی بکوژرێ.
هەڵوەدام بەشوێن بێدەنگی
من لە ساڵی هەرەس هێنانی بێدەنگی چاوم پشکووت.
لە گۆڕەپانی بێدەنگی وانەی هات و هاوار فێربووم.
لە قوتابخانەی بێدەنگی زانستی کڕوکپیم خوێند.
لە زیندانی بێدەنگیدا فلیمی دەنگی سووتاوم ئەشووشتەوە.
بەمناڵی فێری یاریی بێدەنگی کرام.
زەماوەندم لەگەڵ بێدەنگیدا کرد و،
ئێستا بوومە بە بێدەنگی.
*
ئەگەر بێدەنگی نەبووایە...
من ناسنامەی هاوارە تەزویرەکانم بەند نەدەکرد.
ئەگەر بێدەنگی نەبووایە...
نەمن شیعر و، نەشیعریش منی ئەناسی.
نەمن خەون و نەخۆزگەیەک منی دەکرد بە هێلانە.
نەزمان دەپشکووت، نەئاخاوتن دەبووە پەرژین.
ئەی گەردوونە فراوانە قورقۆشمییەکە...

مرۆڤ یەکەمین بەرەنگاربوونەوەی بۆ دەستەمۆکردنی تۆیە.
شکۆی دەسەڵاتی لە پشت وێنە تاریک و لێڵەکان.
چڕکردنەوەی دەنگی لە خاڵی تەنیایی.
بەختەوەرم... وەختێ دەبینم لێم دەڕژێی.
چەند ئاسوودەم کاتێ پێکڕا سەفەر دەکەین.
کۆچم کۆچی بێدەنگییە.
چرکەم چرکەی بێدەنگییە.
ڕۆژم... هەفتەم... مانگ و ساڵم بێدەنگییە.
سەمام سەمای بێدەنگییە.
کەمسۆدەی شەوێکی کاڵ، ڕەنگ قاوەیی هەور دەکا بە دەزگیران.
دەنگم دەنگی بێدەنگییە.
وەختێ هەرچی حەرف هەیە، دەبنە هەڵم...
بوونم بوونی بێدەنگییە... ئەی بێدەنگی.

٢٠٠١-١
ڤانکۆڤەر-کەنەدا



## هەتا چاوی خەیاڵ بڕکا... درەنگ وەختە

درەنگ وەختە و بەپەلە شەقامەکان لەگەڵ خۆمدا ئەپێچمەوە و،
تا چاو بڕ کات ڕوانین ئەبارێنمە سەر گەڵا وەریوەکان
بەپەلە شار ئەنێمە نێو قەسیدەیەکی تازە و،
ئەیبەخشمە تاسە ناکامەکانی تۆ.
درەنگ وەختە و... من بە ئیمەلای عەشقەوە خەریکم و،
تازە ناتوانم دەست بدەمە دەست گوناهە متبووەکان
ئەو گوناهانەی جەستەمیان کردووەتە هێلانەی ترس!
تازە ناتوانم بە دەنگی کەوتوومەوە چەپکە هاوار بنێرمە دوورگەکانی بێدەنگی.
بەم درەنگ وەختە بوومەتە نێچیری تەمەنێک لە وەهم و نابینایی
من شیلاوی دار هەنجیرەکانی قەراغ شەکەت بوون تام ئەکەم
درەنگ وەختان ماچی کەناری ئەکەم و
لە خۆرئاوابوونیشدا فێری مەلەی خەیاڵ ئەبم!
ڕێ بدەن... وا شەپۆلێک ئەگاتە جێ

هەواڵی ماسی ڕوح و دەریای ئەندێشەی پێیە.
ڕێگە بدەن... وا هەناسەکانی کۆترێک ئەگاتە جێ
کە قەرزاری بێ نیشانەیی دارلاستیکێکی مناڵە بزێوێکی شارەکەمە.
من عومرێکم لە ئیملای
عەشق و
لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی غوربەت بەسەر بردووە و
تازە خەریکی ڕەشنووسی قەسیدەیەکم لە تەم
تازە بە نیازم ئەفسانەکانی سوێند و سیقە بنووسمەوە.
تازە بەنیازم ئینتیمای خۆشەویستی خۆم بگێڕمەوە سەر وەسفی گوڵە
شەوبۆکانی ڕۆژهەڵات.
تازە بەدەستی گۆچانەوە... لەرزۆک لەرزۆک خەریکم
بێستونێک بە ئەندازەی ئەندێشەی چۆلەکەیەک کون بکەم
درەنگ وەختە... زەمەن و مێژوو وەک دوو ماری عاشقە و ماشقەن،
دۆسیەی تەمەن ئەسوتێنن.
درەنگ وەختە و... ڕێ بدەن من خەریکی گەنج کردنەوەی تەمەنێکم لە
پیر بوون.
بە نیازم تەرمی یەکەیەکەی مووە سپییەکانی خەیاڵم بنێژم.
بە هیوای سەفەرێکم بەرەو ڕۆژە بێ خەمەکان
سەفەری گەڕانەوە ڕوەو ئەو ڕابردووە لە دەست چووەی کە پێی ناگەم
من سیزیڤێکم لە هەوڵ و فەرهادێکم لە ئومێد
بەم درەنگ وەختە... ئەمەوێ بەسەرهاتەکان بگێڕمەوە
سەیرە بەم درەنگ وەختە ئەمەوێ نمایشی سرووتەکانی عەشق بکەم.
ڕێم بدەن... وا خەریکم بەم درەنگ وەختە ئەبمەوە بە مناڵە لاسارەکەی
ڕەحیماوە!



چەند سەیرە چەند بەم تەمەنە پڕ لە گرێ و گواڵەوە
تۆفانێک لە پێکەنین ئەمخنکێنێ!
ڕێم بدەن گیرۆدەی خولیایەکم لە شەوە مەستەکانی بێ ئاگایی و
شۆڕبوونەوە بۆ ناو دەریاچە مەنگەکەی یادەوەری
گیرۆدەی گومانێکم لە خەیاڵە بێ سنوورەکانی ئەوین
ڕێم بدەن... بەم درەنگ وەختە خەریکی توانەوەم لە وەهمەکانی سۆز و
لە ترسەکانی حەقیقەت.
بەم درەنگ وەختە وا ئەبم بە گەردەلوولی ڕازێکی سڕبوو
خەریکە ئەبم بەگەردەلوولی بوون

ڤانکۆڤەر-کەنەدا
٠٣-٠٦

## لە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیی ئەم پا یزەدا، ون ئەبم

بڕیارە دڵۆپە بارانەکانی ئەم پایزە، بێ داڵدە و تەنیا ، بێ خۆ ڕاپسکان
بمبەن و بمدەنە دەست زەردەخەنە لە ناوەختەکانی سبەینێیەک لە حوزن.
بمبەن و بمدەنە دەست نزای خۆڵەمێشیانەی ئەو کۆتەرە دارانەی کە بە
خوت و خۆڕایی
بونەتە خۆراکی ئاگری فەنا .
بڕیارە ئاه و فرمێسکی تاسە تەسێنراوەکانی ئەڤینداریکم لێ بڕوێت و ،
ئینجا بمدەنە دەست جەنگە بێ کۆتاییەکانی غەریبی!
بڕیارە ئەم پایزە بمداتە دەست فڕین و خەون و ،
جەستەم لە تیزابی عەشقا بتوێننەوە و ،
ڕۆحم بەرن بۆ بەر مەقامی عاشقان.
کێ گوێ لە دوعای خۆشەویستی دەگرێ...
دوعای سڕینەوەی فرمێسکی لەنگەرگرتووی سەر ڕوومەتی ئاسمانێکی
سکپڕ.
دوعای مات بوونی سێبەرێکی لەنگەرگرتوو لە سایەی شەبەنگە گڕێکی



تامەزرۆ!
دوعای ماچ کردنی خەمەکان.
ئەو خەمانەی بێ من و خوا و عەشق ناژین.
خەمی ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی مردن و ،
ئافەریدە کردنی گومانە سڕبووەکان.
خەمی بەر یەک کەوتنی دڵی من و نیگای خوا
خەمی گەورەکردنی کۆرپەکانی دوودڵی و ،
هاوارە غەریقەکانی مرۆڤ!
بڕیارە ئەم پایزە... بە سەر پشتی کەنارییەکەوە بڕۆم
بۆ دۆزینەوەی خەونە ونبووەکانم
بڕیارە ببم بە دارێک، دارێکی بێ چڵ و گەڵا
بڕیارە ببم بەوەرزێک لە وەرین و ،
بە گۆرانییەکی کۆچەری قەرەجێکی ئەنفال کراو!
ئێوارەیەکی ئەم پایزە تێکەڵ ئەبم بە بۆن و بەرامەی کالیپتۆزەکانی
کەرکووک و
هەناسە مەییوەکانیMaple Leafی ڤانکۆڤەر.
هەر ئەو ئێوارەیە... لەشکرێک لە چاوەڕوانی ئەبینم، کە ڕۆژەکانی
مناڵیمی بە دەستەوەیە و ،
جادە بە جادەی غوربەتم پێ ئەناسێنێ.
هەر هەمان ئێوارە... قەسیدەیەکی تازەی خۆم ئەنوسمەوە و ،
بە ڕووتی و پاکیزەییی خۆمەوە لە تەمە چڕەکانی لێوار فەنادا ون ئەبم!.
ڤانکۆڤەر-کەنەدا
٢٠٠٣-٠٥-٢٦

## کاڵترین ماچ

سەر بە لێرەوار و دەربەندە تەنگەژنەکانی عەشقا دەکەم و،
عەودالی خۆم وەک پریاسکە دەنێمە نێو چاوەکانم و، بۆت دەڕوانم
سەمەرەیە... عاشق بە ماچ نامۆ بێ و،
ماچیش لە ماڵی عاشقا بە دوای ناسنامە بگەڕێ.
سەمەرەیە... تەفرە بخۆی بە سوێندە زۆر گەورەکانی قەیرە کچەکانی
دۆزەخ.
سەمەرەیە... هەر بە ڕووتی لە باخەڵی ڕێگاکاندا
خیانەت کەی لە باڵندە و هەور و سێبەر.
سەمەرەیە...گومڕا بی لە بەردەم سەرمابردەڵەترین عاشقا
کە خەریکی خوێندنەوەی ئایاتەکانی وەفایە.
سەیرە خۆ فەلسەفەی ئەم سەفەرە ئێجگار کورتەی بوونی ئێمە
بەشی تەنیا ماچێک ناکات!
ماچ... تۆ شەنگترین نەسیمی دەروونی،
کە سەحەر لەسەر باڵە پەپوولەیەکی لێو ئەتنێرێ بۆم.



ماچ... تۆ زیباترین وێنەی بە جێماوی کولتووری خۆشەویستیی
ماچ... تۆ تامێکی مێخۆشانەی دەنکە هەناری حەزێکی
وەخت و ناوەخت لە دەرگای لێوانم ئەدەی.
ماچ... تۆ کاڵترین ڕەنگی پەمەیی کچێکی دەریاکانی
کە ڕاسپاردەی بوونت پێیە.

*

کە شەنگەبیی خۆزگەیەکم بەر ڕەشەبای نائومێدی ئەکەوێت و،
گەلاباریـن دەست پێ دەکا.
کە ڕێبواری داستانێکم لەم بیابانی بێ ماچە
کڕنۆش ئەبا بۆ سەراب و تراویلکەی خەیاڵێکی ئۆقرەبڕاو
تۆی فریشتە هەر بە باڵە تەنکە هەمیشەییەکانت
ئەبیە ئۆقیانووسی خەون و،
ئەبیە دارستانی خەیاڵ.

*

جانتای سەفەرەکانتان بەرەو دۆزەخە دەستکردەکانی سەر زەوی بپێچنەوە
و
توورەگەکانتان بکەنە مل
لەسەر ڕێگاکانی خەون و گومان و خەیاڵ!
پشووەکانتان دەربهێنن، با بفـڕن
گەمەکانتان بکەن هەر وەک کتێبەکان پێتان ئەڵێن.
سەمەرەیە... ئەم لەشکرە بێ شوومارە
بە دوای ماچێکی گوومبوودا سەرەڕۆیە
بە دوای ماچێک کە یەکەم جار لە دەم و لێوی (حەوا)دا بەربووەتەوە و
تا هەنوکەش بێ سەرو شوێن، سەرگەردانە.

جانتاکانتان بپێچنەوە و تورەگەکان بکەنە مل
ئاشویگایەک دێتە ڕێمان
لە پاشماوەی سەدە بێ ناوونیشانەکان
تورەگەکان بکەنە مل
کوشتارگایەک پێناسەکانمان ئەداتە دەست تیرۆر و
مەرگە هیچ و بێ ماناکان.

*

بۆت دەڕوانم، عەودالّی خۆم دەنێمە نێو پریاسکەی چاو
لە ئاشویگا و لە جەنگەکان بۆت دەڕوانم
لە کەلێنی خەمە گەورەکانی قەیرە عاشقێکا بۆت دەڕوانم
تا ئەتوانم بۆت دەڕوانم ئەی کالّترین ماچ!

ڤانکۆڤەر–کەنەدا
٢٠٠٣-٠١-٢٤



## مەملەکەتی بێ زمان

ئەستێرەش زمانی بێدەنگی فێر بووە و،
لە لێوار ئاسمانی شەوانی ئەبەدی پێ لەسەر پێ ئەنێ و،
قووڵ... زۆر قووڵ... لە من و مردن و لە نووتەک ئەڕوانێ.
تەنیایی کردووەتە هاوسەر و،
بەتاسەی ترساوی دیواری ڕامانا،
ختووکەی ژێر پێی هەور لەبەردەم یالّەکەی وجوددا ئەدات و،
فوو ئەکا بە کونی شمشالّی وەحشەتدا.
ئەزانێ چۆن لەنێو یاقووتی بیرۆکە وردەکان
بەیداغی شەکەتی هەلّبکا و،
لەناوقەد هەلّوێستا لەنگەری ونبوونم پێ بگرێ.
تا لەنێو دەربەندی ماچێکا...
لێوانی بزربووی ژێر پێستی خەیالّی وشە و حەز،
ببێتە کانییەک بۆ خەون و بۆ خۆشی و بۆ شەهوەت.
لێوانێک سامناکتر لە ڕەش و بێدەنگتر لە خەتا.

نووتەکتر لە قەتران...
گوناهتر لە خەون و لە سەفەر،
بێ ڕەنگتر لە ڕەنگی پەڕیوی ترساوێک.
زمانیش تۆقیوە... تەنانەت ناوێرێ وشەیەک سەربڕێ
ناوێرێ هیچ حەرفێک بکاتە پاسەوان گەمییەکی نغرۆ بوو!
فڕین و کۆچ و مەرگ... سێکوچکەی بنیادی نهێنی سەفەر و هەرەسی مەملەکەت.
هەرەسی وڵاتی بێ قسە و بێ شیعر.
هەرەسی هەرەمی زمان و گفتوگۆ.
بۆ ئەوەی لە فڕین تێ بگەم، زمانێ قەرز ئەکەم تا بدوێم
زمانی عەشق و ماچ
زمانی بێدەنگی
بۆ ئەوەی نهێنیی بێدەنگی بناسم...
زمانی کوژراو و هاواری ئەنفالکراو ئەهێنمە نێو شیعر و مەملەکەت!
مەملەکەتی بێ زمان و وشە و حەرف
مەملەکەتی نەستە قەدەغەکراوەکان
مەملەکەتی دڵداری و مەرگ.

٢٠٠١-١٠-١٧
ڤانکۆڤەر-کەنەدا



## میلۆدەکانی مۆتیڤی عەشق

شەرمن... شەرمن ڕێگەم بدە ماچت بکەم...
بە باوەشێک، جەستەم ئەکەم بە کوانوویەک لە ئاگر و دڵم بەبورکانی حەسرەت.
بێنە سنگت... با سەرخەوێکی ئارامی لێ بشکێنم
من ماندووم و گەڕیدەیەکی عاشقم و، شوێنێک بەخۆیمەوە ناگرێ!
بێنە دەستت... با شەکەتی تەنیاییم لە لەش دەربچێ.
تۆ دڵێکت پێشکەش کردم و،
منیش هەموو نهێنییەکانی خۆم پێ دای.
نازانم چی وای لێ کردم بەو کچە داماوەی دراوسێمان بڵێم... خۆشم ئەوێی
ئەوسا تەمێک بووم لە خەم و لە بەرائەت و خوێنگەرمی
خەمەکانم ئەوسا تەنیا لە چوارچێوەی کۆڵانێکی تەنگ و دەستکورت پەنگی ئەخوارد!
تۆ بڵێی جارێکی تر سەمای شەنگەبییەکانی دوورگەی عەشق ببینم و،

له بەردەم شنەبای لاوانەوەی تەنیاییمدا،
زەردەخەنە بپژێنمە سەر گوڵە شەوبۆکانی غوربەت؟
ئەشێ ڕابردوویەک کە خۆڵەمێشی لاویمە، بدەم بەدەم ڕەشەبایەکی
خۆویست و،
پشکۆی ڕازێکی تر... جارێکی تر لە گیانما بگەشێتەوە؟
ئەشێ خەون ببینم بەهەموو ئەو ڕۆژگارانەی کە هەرگیز نایانبینمەوە؟
ئەشێ بگریم بەسەر تەرمە کوژراوەکانی یادەوەری
ئەڤین... نە یار بوویت و نەسێبەرت کردە سەر چارەنووس و ڕۆژگارەکان
من دەبوایە دیوارەکانی ئەو زەمەنە دڵ تەڕەم بڕوخاندایە،
کە هەر ڕۆژە وەکو جوانێک دەبێتە مێوانی نیگا سڕبووەکانم.
من دەبوایە دەریاکانی خۆشەویستیم هەڵلوشیایە،
نەوەک ماسیی دڵم، دڵت، بکەونە بەردانی لەیەکتردابڕان.
من دەبوایە... ئەو کۆشکانەم دروست بکردایە کە میهرەبانیی تۆی تێدا
دەحەوێتەوە.
تۆ یار نەبوویت و چەند بێ دەربەست بوویت ئەی عەشق
من پیرێکم لە خەم و پێشانگایەکم لە وێنە شێواوەکانی غوربەت.
لەسەر پەڕەی هەناسەیەکی تۆدا، ئاونگی ژیانێکی سەوز و تەڕ و،
لە تابلۆ بێ گیانەکانی تۆدا، پێشهاتی کارەساتەکان ئەکەم.
ئەی عەشق... تۆ نەبوویتایە من چۆن ئەمتوانی تاسە خرۆشاوەکانی دڵم
بدوێنم
من چۆن ئەمتوانی بە گوزەری خەمە گەورەکاندا ڕەت ببم؟
تۆ نەبوویتایە... چۆن ئەو گۆرانییە فێرئەبووم کە کچە دراوسێکەمان
لە کاتی جل هەڵخستنی سەربانانندا دەیگوت.
تۆ نەبوویتایە فێرنەدەبووم قەرتاڵە ماچ بچنمەوە.



تۆ نەبوویتایە... قەد بەسەر دیواری تاراوگەدا هەڵنەدەگەڕام.
ئەی عەشق....دڵم پڕە و جامی شەرابیشم بەتاڵ!!!
تۆ نەبوویتایە... من چۆن ئاهم لە هەناسەیەکدا قەتیس ئەکرد و،
ڕوحە لەت و پەت کراوەکەم بەرجەستە ئەکردەوە؟
تۆ نەبوویتایە... چۆن فەلسەفەی لێک دابڕان و میتۆدی توانەوەم لەیەکتر
بۆ لێک ئەدرایەوە؟
من چۆن ئەمتوانی لەم هەموو خەیاڵاتە سەردەربکەم و،
ناز و لەنجەی کچە بەریئەکانی کۆڵانەکەمان وەک خۆی وێنا بکەم؟
تۆ نەبوویتایە... من ئەم هەموو کارەساتانەم بۆ نەدەنووسرا.
لەو چرۆکانەش بێبەری ئەبووم کە لە گوێی ئاگردانی شەوە تارەکانی
تەنیاییمدا،
نەنکە ئەفسانەیییەکەم دەیگێڕانەوە.
ئەی عەشق... مەهێڵە ئەمجارە ڕەشەباکان،
بمبەن بۆ دۆزەخی بێ نەوایی و دوورە یاری
مەهێڵە گریان بمداتە کۆڵی گەمەی نێو پەرژینە قەدەغەکراوەکانی ژیان.
تۆ مەهێڵە لە پاداشتی سووتانێکدا چاو بگێڕم لە خۆلەمێشی جەستە.
ئەی عەشق... دەبێ خەتاکانم بە چ بارانێک بشۆمەوە؟
شەقامەڕێی ئەم کۆچەم بۆ دەستەمۆ ناکرێ،
لەگەڵ باراندا سترانە دڵ گەچراوەکان ئەبێژم.
ئەو گوناهە گەورەیەم بۆ کرد، ببوورە...
نەمئەزانی تۆ ئامێزی گەردەلوول و تۆفانەکان ئەکەی بەهێلانەی خۆت و،
منیش لەبەر ڕەهێڵەدا ئەدەی لە سێدارەی تۆڵە!
نەمئەزانی لەبەر دەرگای سووکە گریانێکی غەمبار چاو لێک ئەنێی.
منیش لەبەردەم وەیشەمەی دووری تۆدا،

جەستەم ئەبێتە بورکانی توانەوە و هەڵمی خۆزگە!
ئەی عەشق... من بێزارم لە ڕۆتینیاتی ئاخ و ئۆف،
لە سکاڵای بێ دەربەستی لە خەمنامەی بێ وەفایی!
من بە بۆنی ئێوارەکانی تەنیایی و،
کۆڵانەکانی غەریبی و،
چاوەڕوانی ڕاهاتووم و،
شەونمی دووری فرمێسکی چاوی سڕیوم ئەی عەشق!
باران ئەمشواو...
گریان ئەمشواو...
دووری ئەمشواو... تۆ هەر نایەی،
چاوەڕوانی ئەڕسکێت و...
خەم ئەڕسکێ و تۆ هەر نایەی.
دڵم ئەمرێ و...
تاسە ئەمرێ و... تۆ هەر نایەی.
تۆ کاتێ دێی ڕوحم بوبێتە هەڵمێکی پەلکەزێڕینەییی ڕووت و،
بووبێ بە ئەلبوومی تەم و بەماچێکی دەست لێ نەدراو.
تۆ کاتێ دێی کە من ئیتر ماڵئاواییی کردبێ
لە پێناسەکانی ئەڤین و سەرجەم خۆزگە وەریوەکان.
کە دێی ئیتر جەستەیەکی بەفرین ئەگریتە باوەش و،
دڵێکی سارد خەریکی پێچانەوەی خەندە مردووەکانە!
دڵێکی ساردخەریکی سپاردنی دووایین هەناسەی وەڕسییە.
کە دێی ئیتر ئەفسوس پێشوازیت لێ دەکات... ئەی عەشق!
٢٧/٦٢-١١-٢٠٠١ تا ٣-٠٨-٢٠٠٣
ڤانکۆڤەر-کەنەدا



## تەماشا عەشرەسییەکان

لە ئەلفوبێی سەرابەوە دەستم پێ کرد...
حیکایەت و سەرگوزشتەی ئەفسانەکانی باران و بیابانم ئەهۆنیەوە و،
بە تەماشا عەشرەسییەکان... دەستی باخچەی پیریم گرت و،
لە سێبەری یادەوەریی پشووە ساتێ دانیشتین و
سەربوردەی کۆچی بەردێک و
ڕیش دانانی شاخێکم بۆ گێڕایەوە!
هەر بە تەماشا عەشرەسییەکان... گوڵێکم ڕواند لە بەرد و،
غارغارێنی کچە قەیرەکانی یاخی لە خودام دی و
گوڵەگەنمی تەنیایی و پەرێزێکی ئاوارەم بەیەک ناساند و
پەنجەرەیەک لە ئومێد و دەربەندێک لە بیرچوونەوەم نایە گیرفان!
لە ئەلفوبێی عەشقەوە چووم بۆ جیهانی بەربڵاوی خۆشەویستی...
نامەیەکم لە ڕۆحی خۆم نووسی و ناردم.
وێنەیەکی تەنیایی خۆم گرت و ناردم
گۆرانییەکی (نازم)م لە ڕۆژنامەیەک پێچایەوە و، ئەویشم نارد

بۆ مێرگەکانی بیابان
بۆ سیمیناره چۆلەکانی ئەودیو دەریا
بۆ قەفەسی سنگە لەت و پەتکراوەکانی کچانی نیشتیمانە دزراوەکەم!
(لە دەنکە هەنارێکی ڕۆژهەڵاتەوە پەیامێکی تەلەفوونیم بۆ دانرا بوو...
کۆستەکانمان ڕەنگ زەردبوونە و،
بە سترانی ئەوینمان وەک پووشی دەم بان
خۆزگەکانمان لق و چل و چرۆی تازە و
تاسەکانمان نزیکتر و
دڵمان بەهێز تر لێ دەدات.
دوو ڕۆژی تر... دەبمە مێوانت... ببوورە... دەبمە وشەی شیعرەکانت.
دوو ڕۆژی تر دەبمە خەندە و،
دوو ڕۆژی تر تێکەڵی هەناسەت دەبم)
(هاوڕێیەکی شاعیری سەردەمی خوێندنم لە کۆتایی mail.E ێکدا بۆی نووسیوم
(هاوڕێی سەردەمی شێتیت... وا بزانم ئێستا عاقڵی!)
بەڵێ شێت بووم، بەڵام کرۆکی ئەڤینم نەدەناسی
من عاشق بووم، چاوی شیعرم کچ و جوانیی نەدەبینی
میهرەبان بووم، شەرمنۆک بووم، خیانەتم نەدەزانی
من عاقڵ بووم، بەڵام عاقڵێکی شێت!
برایەکم پێش کوژرانی لە شەڕی ناوخۆ لە کووچە و کۆڵانەکانی نیشتیمان هاواری ئەکرد...
(هەمووومان ئەڕۆین، هەر یەک تابلۆیەکی شکاومان
لە چیرۆکە لە بارچووەکان بە دەستەوەیە و، چاوەڕوانین
چارەنووسێک بمانداتە دەم لافاوی جەنگ.



هەمووومان گۆرانییەک ئەڵێین و هەر ئەڵێی خەریکی خۆ ئامادەکردنین
بۆ سڕینەوەی یادەوەرییەکانی خۆمان.
هەموومان کۆکین لە سەفەر و ناتەباین بەئاشتی!
هەموومان ئەبینە پاڵەوانێکی ونبووی مێژوو و،
ناومان تەنیا لە ئەرشیف و کتێبە قاچاخەکان و،
لە سەر ڕەفی لە یادچووندا تەپوتۆزی خیانەتی لێ ئەنیشێ.
بڕوا بەو نامانە مەکەن کە لە ماڵی سێبەرەکانی خواوە دێنە دەرێ
تفەنگەکان سوێندمان لێ ئەخۆن کە نامان کوژن، بەڵکە بەزیندوویی و
جەستەی ساغەوە دەمانکەنە خۆراکی داڵەکەرخۆر.
هەموومان ئەبینە قوربانی و، ناسنامەی (براکوژی)مان لە باخەڵە!)

*

لە ئەلفوبێی تەنیاییەوە چوومە نێو ڕۆمانە خەونێک...
گوێم لە کۆخەی بایەک ئەگرت
سنگی بووبووە کێڵگەی سەرما و گۆڕەپانی زریانی تووش.
عەشرەسییانە لە پژمینی کڵووەبەفرێک
لە فرمێسکێکی شکاو و،
لە دەنگێکی درز بردوو ڕائەمام.
داستانی ئەڤینی خۆیان وەک شەکرە سێو
لە خوێی دڵی کفت و ماندوو هەڵئەکێشا و
دەمی خۆزگەم ئاوی ئەکرد.
من دووچاری گریانێکی بەردەوام بووم
تا ئەو وەختەی کۆستی ڕەنگ و مەرگی عەشقم نەدەناسی
تا سەفەری باخچە و گوڵم نەبینیبوو
تا بارانم بە شەڵاڵی ئارەقەوە نەنابووە ژێر پاڵتۆی خەمم

تا ئەو دەمەی تاسەی وردە ئەستێرە دڵ شکاوەکان
هەناسەی مانگ، لەنجەی گۆمی مەنگم نەنایە توێی چرپە هەتیوەکانی
دڵ،
تورەبوونم نەبووە هەڵم!
من دووچاری تەنیاییییەکی زۆر قورس بووم
تا ئەو وەختەی باڵەخانە بەرزەکانی بێ ئومێدی و،
شەقامە درێژەکانی نێو یۆتۆپیام پەن نەکردبوو
تا فڕینی کەنارییەکانی لێواری پاسفیک و،
نەسیمی ڕۆخی دەریاچە نووستووەکانم نەکردبوە وێنەیەکی نێو قەسیدە
بێکەسەکەم
تا ئەو ساتەی یاخی نەبووم،
خودی خۆمم نەدۆزییەوە!
من خودێکی ونبووی نێوان جەنگەکانم
من خودێکی تاک و تەنیام... وەکو خودای نێو کتێبە پیرۆزەکان
من خودێکم... ڕۆژگارەکانی منالیم هەموو ڕۆژێک ئەزبەرم ئەکەم
من خودێکی یاخی لە خۆم!
عەشرەسییانە تەنیایی خۆم ئەنێمە سەر!

٠٣/٠٣/١٢-٠٣/٠٢/٠٠
ڤانکۆڤەر-کەنەدا



## بەر لە مردنی زەردەپەڕ دێمە وەرین

لەسەر پەیژەی تەماشاوە وردە دانی جریواندن
دەنێمە بەر دەنووکی چۆلەکەی شیعرم،
تاکو لە دوای دۆزینەوەی تەرمی ئەستێرە خنکاوەکانی خەیاڵ
لە دوای ترس و دڵە پڕ لە حیرەکانی پیت و مانا
پەیکەرێکی بێدەنگی لە ئیقاعی کۆچ...
لەسەر چەقی نمایشێک لە خۆشەویستی دایکم و
ماڵئاوایی لە سێبەرە سڕبووەکانی ئەو دیو گومان دائەنێم.
بیابانێک ئەنێمە نێو مشتی چرا و،
سەرەتایەک لە ڕوخساری قەسیدەیەکی شل و خاو
دنێمە نێو دڵی فەرهەنگێک لە شەهوەت...
چەند پیرۆزە گوێ هەڵخستن بۆ ئاوازەکانی سەما و،
کڕنۆش بردن بۆ سادەیی ئەو دڵانەی غەرقی عەشق و،
ڕووتبوونەوە وخۆشەویستین...
چەند قەشەنگە مژینی مەمکەکانی بوون

ماچ کردنی جەستە کەنەفتەکەی سروشت...
سەمای بەفر... مێژوویەک لە یاخیبوون و شەرمەزاری
دیل ئەکات و،
خوایەک دێنێتە دووان و هاوار کردن
نەڕەگی نارنجی خۆش ئەوێ و نەمنی قەلەندەر!
خوایەک هەر خەریکی سپیکردنەوەی گوناهەکانی خۆشەویستییە...
بێ کەڵک بوو پاڕانەوە لە ئاوازە بێ حاڵەکانی باران و،
لە پرشنگی ژێر هەناسە کەوتووەکانی ژووانی مەرگ...
تکام کرد لە سپێتیی کازیوە و لە بێ ڕەنگیی ئاو
لە ڕیشە چرچ و لۆچەکەی دەریا
لە دڵۆپە ماچەکانی دۆزەخ و،
لە تەنافە دڕدۆنگەکانی بوون و،
تکام کرد لە تەمەنە بەسەرچووەکانی یاد و،
قوڕ و لیتەی کۆڵانەکانی منداڵی و،
تکام کرد لە کۆچ و لە شەڕ و نەفرەتی تاراوگە...
لە ئاوازە خانەنشینەکانی پرسە و
لە ستایشی کوژران و لە ئاوابوون بوون.
لە زیندوێتیی خەم و،
هەڵخلیسکانی وشە هەڵواسراوەکانی نێو ڕستە!
تکام کرد لە تکا کە خۆی بە دڵۆپە خوێنێکەوە هەڵنەواسێ
نەک تاریکی دەستی شەپۆلێ بەربدا و،
لە ژێر چەتری ئەفسانەیەک ژوان بگرێ
نەک جەستەم ببێتە کێوێک لەترس و گومان و فریو...
هەر لە نێو چوار چێوەی وێنەکەم



شیتەڵێک بۆ ڕەنگ و بۆ سیمای شکەتم
خۆی ئەکا بە ژووری چاوتانا
(ڕەنگێکم لە عەدەم،
دەنگێکم لە فەنا
لە چاوی دەریاوە ئەڕوانمە شەپۆل و
لە بزەی وەرینی گەڵاکان
کەنارێک لە شیعر و،
دوورگەیەک لە گوناه ئەمکێڵێ!
من جەستەم بارانە شیعرێکە
ماڵێکە لە خوێن و ڕووناکی و گومڕایی
خەونێکە لە ڕەنگی سێبەر و،
کۆچێکە لە دەنگی سەفەری ئێوارەی نیشتمان.
جەستەی من متبوونە لە قەدی ئاوێنەی مەرگێکی نارنجی و،
لە دوو توێی ماچێکی سووتاوا
جەستەی من گەردێکە لە بوون و،
سێڵاوێ لە مەرگ و،
ڕەوتێکە لە مێژووی ناکامی و قوربانی!

*

بەر لەوەی زەردەپەڕ بۆنی سینگی گوڵەمێلاقەیەک بکا و،
دڵۆپێک ئاونگی حەژمەت بەگەرروویا بچێتە خوار
بەر لەوەی باخی ئاوازی گۆرانییەکی ڕۆژئاوایی چێ بکا و،
دەست بداتە هێنانەوەی یاقووتەکانی وەحشەتی ئەم تەنیاییە.
پێش ئەوەی زەردەپەڕ ماچی لێوی وشکی مردن بکا
من ئەوەرێم... چونکە پایزێک خەریکی پێشوازیمە و،

زریانێک سەمام بۆ ئەکا.
من ئەوەرێم... تا ژیانێ دەست پێ بکەم لە تاریکی و لە ئەبەدییەت
بەر لەوەرینی زەردەپەڕ، من ئەوەرێم.
تەسلیم مەبە بەکابووسە ڕەشەکەی سەر سینگی شیعرم
بەو ڕەشەبایەی سوێند بەخەون ئەخوات و،
لەگەڵ دەنگی پێی هەرەسی تۆپەڵێ لە بەفری گومان،
خەریکی لە باوەش گرتنی خەتاکانی عەشقە.
ئەبم بەبا وەختێ چارۆکەی شیعرێکم خەریکی پێچانەوەی
ئاوازێکی ڕۆژهەڵاتی و خۆبادانێکی بەفیزە.
ئەبمە دەریا... کاتێ قوڕگی بیابانی قەسیدەیەکی بێکەسم،
درزی تینوێتی ئەیبڕێ و،
چاوی زەردی هۆنراوەیەک ئەبێتە کێڵگەی تاریکی و نابینایی.
ئەبم بەخۆم... وەختێ ڕەفزی لۆژیکە باوەکان ئەکەم!
مردن... گوڵە مێلاقەکانی سەفەر و پەژموردەیی
پەپوولە چاو کاڵەکانی مێژوو... مردن.
ئیحاکانی پەرستگاکانی عەدەم و،
دەنگی بێدەنگیی جەستەکانی خەیاڵ... مردن
لە بەستەڵەکی تاراوگە و لەبیابانی هەندەران... مردن
مردن... مردن...
کەتێ دەپەڕم بەتەنیشت کۆڕی ماتەمینی گەڵاکان
بۆنی وەرینم لێ دێ و،
هەناسەم دەبێتە باڵندەیەکی گوناه و،
هەموو بوونم دەبێتە گوێ بۆ بیستنی چیرۆکەکانی مەرگ و
شەڕ و وەرین.



کە لە تەنیشت نەوڕەسێکی غەمبارەوە دائەنیشم،
ڕێک دەبمەوە بەسترانی ئەو ڕۆژانەی،
وانەی فڕینم تێدا خوێند.
کە بەکۆڵانی وەریندا تێ دەپەڕم...
دەبمەوە بە کۆرپەی گەڵایەکی وشکی نێو ئەو تابلۆیە تەنیایەی،
پایزێک لە تەمەن کردیە خەڵاتی ئەم وەرزە.
کە دەوەرم... زەردەپەڕ بەباڵەکانی دامدەپۆشێ.
من دەوەرم... بەڵام پێش مەرگی زەردەپەڕ!

١٥-١٠-٢٠٠٢
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

## وسیەتێکی کورت بۆ سەفەرێکی درێژ

بە ڕەشنووسی شیعرێکی ناتەواوەوە...
کەنارێکی بێکەس ئەکەم بەیاوەر و،
لە قوژبنی پەنجەرەیەک لە هەتاوا
بەخەڵوەتی... پیاسەی دووایین یادەوەریی ژین ئەکەم و،
لەو سوراحییە وردئەبمەوە، کە ڕستێک لە نائومێدی و
دیوارێک لە فەوزا و هەرام نیشان ئەدا.
جاویدانە... ئەکەومە شوێن خەیاڵی دەست گوشینی ئەو (با)یەی،
کە عاشقانە دەم و چاوە ڕەش داگەڕاوەکەم ئەشێلێ.
(بوخچەیێ یادی ژنەکەم، قەڵەمێک و دەفتەرێکی پەڕەپەڕ و،
عەلاگەیەکی نایلۆنی ڕەش)
دەنێمە نێو جانتای خەون و،
گەشتێک ئەمبا بۆ کیشوەرە (لەچاووزارە دوورەکە)ی نیشتمان و،
خاچێک چاوەڕوانی جەستەی ڕۆحە لەت و پەتەکەمە!
مەرگ... ڕۆح و خەونم تێک دەهاڕێت



وەختێ لەنێو باوەشی تاریکی ئەو و،
بۆ یەکەم جار خەندە هاتە سەر لێوە دزراوەکانم
کە شەپۆلێک هات و بردمی
بەرەو وێستگە بێ ناوونیشانەکەی مردن
وەسیەت بێ... لێ مەگەڕێن خەونی گەورەم،
بەدیار جەستەی وشک و ساردم بێوەژن کۆشی بکات و،
فرمێسکی وەریو بژمێرێ.
وەسیەت بێ... پۆلە کەنارییەکم هەن
یەکە... یەکە... بیان دەنە دارچوالەکانی تەنیایی و،
لە ڕۆژە تەماوییەکانی تاراوگەدا...
چاو بڕێژن بەباران و،
بە گریانە سپییەکانی ڕۆحی بەفر.
وەسیەت بێ... چەند گۆرانییەکم هەن قەرەج، گەڕۆک، چاوسەوز
یەکە... یەکە... بیاندەنە ئەو پەنجەرە ناوازانەی،
کە بەڕوویاندا داخرابوون.
هەتا لەبەردەم جەستەی تەڕی گیتارێکی لاتینی بنیشنەوە.
وەسیەت بێ... سێ وێنەم هەن...
یەکیان من و تەنیاییبە بۆ یادگاری لە پارکێکی سەوز و تەڕدا،
لە ساڵیادی مەرگی سەفەر گرتوومانە.
ئەوی تریان منم لەگەڵ بێدەنگیدا...
وەختێ بە جووتە ئەچووینە نێو گەلەری...
بۆ سەردانی تابلۆیەکی یاخی لە هونەرمەندکەی
سێ هەمیشیان منم لەگەڵ شەپۆلێکدا
لە ڕۆژێکدا من خۆم لەکار دزیبووەوە و،

ئەویش بەبێ ئیزنی دەریا
لە سوچێکیEnglish Bay دا گرتوومانە و،
لاچاوێکی غوربەتیش لە پشتمانەوە دەرچووە.
هەر سێ وێنەکەم بدەنە دەست ئەلبوومە شێواوەکەی هەندەران و،
تا بەپۆستی خەیاڵی (گەڕانەوەم) بۆ نیشتمان...
بینێرێتەوە بۆ ڕۆژە دڵ ساردەکانی منالّیم
بۆ یادە جوانەمەرگەکانی ڕابردووی لەخاچدراوم.
بۆ کوچەکانی گەڕەکێک کە تائێستاش جەستەی برین هەڵدەهێنێ.
وەسیەت بێ... ئەم وەسیەتەم لەبیر مەکەن.

٢٠٠٢-٠٨-٠٨

تاران – ئێران



## لە قەراغ بەستەکەی خاسە چاوەڕێم بە

ببینە تامەزرۆییمان چۆن بووەتە دارێکی وشکی پایزە و...
بە خیلیمان دێت بە قەراغە بێ نازەکانی شەوانی
ماسی گرتن و گۆرانی سەر خۆشەکان.
چەند نازیکە بۆنی سەفەر و
گەڕانەوە بێ وچانەکانی
ئەو دیو سۆراغە وەهمیەکانی قەراغ دەریای چاوەڕوانی!
چەند جوانە... بۆن کردن بە بۆن و
تامی سڕ ینەوەی حەسرەتەکانی دڵ.
چەند جوانە... گۆڕینەوەی هەناسە و،
هەرەس هێنانی دیوارەکانی دووری و
بەربەستەکانی دیدار.
خوا... ئەی کەساسترین بەخت و
سەرسامترین موعجیزەی بوون
پێ ئەچێ ئەندێشەم... لە بەردەم سێدارەی ئاخرین قەسیدەی ئەمساڵما

نەورۆزێک لە حەرف و لە وشە، وەک دواقووم
بنێتە سەر لێوی باعیزی من تۆ.
بڕوانە... لە شینی گوڵێکی بیابان ئەو کاتەی
لەبەردەم دیمەنی وەرینی عەشقێکدا
سوێند ئەخوا بۆ جوانی و،
بۆ قەترە ئاوێکی مەیبووی بزربوو.
سوێند ئەخوا لە بەردەم فرمێسکی کوژراو و،
ئەوینی دزراو و،
ئاهێکی هەڵوەریوو!
سوێند ئەخوا لە سنگی دۆڵێکی بێ پەل و،
لەبەردەم شاخێکی قەمبور و،
دارێکی لق وچڵ هەڵکرووزاو!
ئەمشەویش..شەقامی Robson و گەلەری ئەم شارە،
دڵتەنگن ... بێ دەنگن...
هەر ئەڵێی ترسێکی چاوزیت و کۆڕەوێک
خەریکە خۆی دەکا بەدڵیا!
ئەستێرەکان... خەریکی وێنەکردنی هاواری تەزیوی دڵە گەرمەکانن.
ئەو دڵانەی یاخین لە خوا
یاخین لە دیدار و ژووان
هەر ئەمشەو پێ ئەچێ زایەڵەی زریکەی هاوارێک،
لە دڵی پارکەکەی ئەوبەرمان... وەک گزنگ،
وەک تریفەی ڕژاوی مانگێکی جاحێلی شەرمنۆک،
لە دەرگای یادێکدا... دوا ناوی کەرکووکی خنکاوم ئەداتێ.
قەراغی بۆ کردمە فریزی پێشوازیی ئەو دڵەی وەک تەنوور



هەڵاوی غوربەت و تەنیایی لێ ئەزێ و،
سکاڵای ماسییەک ئەنێتە نێو قەدی حەزێکی چڕ و لۆچ.
ئەستەمە... خۆزگە و تاسە بێ کەسەکانی خۆمان
لەم دوورییەدا بنێژین و،
کەسێک نەبێ گوێ بۆ سترانێکمان ڕادێرێ...
چ ئەفسوسێکی نامۆیە... بەدیار لاشەی وشکی یادەکانی دوێنێ
هەڵکورمێین
ئەو یادانەی بوون بەبەشێک لەم جەستە بێ هێزەی ئەمڕۆ!
ئێمە بووینە جەللادی بۆن و عەشق و،
بووین بە ڕاوکەری دڵە سادەکان و،
بە نێچیری خەمێکی قەرەج
ئێمە بووین دەرگامان ئەکوتا و،
تا بێداری لە سەر بەرەی ئەهوەنیدا سەربڕین.
ئێمە چی بووین... تاخوا سزای تۆندمان بدات.
ئێمە یاخی بووین لە باران
لە خەزان
لە مردنی لە ناوەختی بێ مانادا!
چاوەڕێم بە... کە ئەستێرەت دیت هەڵدەکشێ...
ئاسمان تا دێت بچووکتر و،
نیگات نەرمە خەوێک زەفەری پێ ئەبات.
وەختێ پێیەکانت دەبنە شەخت و دەرچن
هەروەک بەستەڵەکی تەنیایی من.
وەختێ کۆترێکی عەنبەرلی ماندوونەناس
پۆستی نێوان چاوی ئێمە و

نیگای ئێوە لەژێر باڵدا شاردووەتەوە و،
بەسەرسەرتا ئەگمێنێ و وردە سلاوت لێ ئەکا
من دێمەوە و چاوەڕوان بە...
کە دێم دەبینی وەک جاران ڕیشێکی تەنک و،
کلاشی چەکانی و
تەزبیحی قەزوان و
شەرواڵێک لە پێما.
کە هاتم مەهێڵە... نێرگزی قەراغی کۆشکلی بشێلن.
من گەمەی بەختێکی دۆڕاوم دۆزییەوە
پووچ وەکو گوێزێکی زڕ و وشک
گەنجیمی دایە کۆڵ خەمێکی کوڵکن و،
جواناومی ڕژاندە نێو کوپەی تاراوگە.
من گەمەی بەختێکم دۆزیەوە...
شەیتانێک لە فێڵ و،
ئیبلیسێک لە تەڵە و فێلبازی نایە ڕێم.
ئەم بەختە گوناهی دڵم بوو
ئەو دڵەی بوو بەهەڵم...
بوو بە تەم...
بوو بە تۆز...
بوو بە گەرد...
ئای بەخت، چۆن لەنێو زەردەپەڕ ون بوویت و،
چۆن لێم بوویت بە سەراب.
ببینە خەمەکان چۆن دەبنە نێرگز و،
خۆشەویستی چۆن دەبێتە دارقەڵەم تۆزی پایزە.



وردبەرەوە لە دزینی نیشتمان و،
فرۆشتنی بەردەکانی بەستی خاسە و
ئەنفال کردنی قەڵای کەرکووک.
وردبەرەوە... تا دەتوانی ورد بەرەوە
ئەی سەرابە کۆچکردووەکەی خۆشەویستی.

١٩-٠٣-٢٠٠٢
ڤانکۆڤەر -کەنەدا

## خەونە فەرامۆشکراوەکانی ئینالا

لە منارە بەرزەکانی بێدەنگییەوە
ورد ئەبمەوە لە وێنە لێک نەچووەکانی
من و بوون و تاراوگە و بەخت!
گوڵ دەنێمە نێو ئینجانەکانی تەنیایی و،
سەر شۆستەکانی ئەڤین و خەم وخەتا.
لەو منارە بەرزانەوە ئەشیا ڕەنگە بێ ڕەنگەکان،
بڕژێنمە سەر دەلاقەیەک لە گفتارە شیرینەکانی ئینالا.
ئەشیا کۆلانێکی بێدەنگ بدەمەکۆڵ
تا پردەبم لە بێدەنگ بوون،
تا لە لێواری بێدەنگی ئەڕوێم چەشنی دار چنارێکی کەلەگەت
یان لە دڵتا ئەبمە چرا
تا تێر ئەبم لە بەخششی عشقە ئەبەدییەکەی تۆ.
ئەشیا ببم بە تۆماری ڕووداوە گەورەکەی وجود.
ئینالا وەک سەرابێکی قەرەج وایە...



چاخەکان و سەردەمەکانی لەت و پەت دەکا و،
لووتکەکان ڕادەپێچێتە بەر ئەژنۆم و،
ڕووبارە شەرمێک دێنێتە بەر دەرگاکانی وەفا.
*(تێبینی: ئینالا ڕەشپۆشێکی پورتوگی زمانی بەرازیلییە*
*کە بەبێ غەدرلێ کردن وتەنکە شەرمێکەوە، منارەکانی قەسیدەیەکی*
*بۆ داگرتمە نێو گەردوونە کپ وماتەکەم)*
ئەو دەیەوێ ماچی جەستەی دەریا بکا
من عەودالی ڕەشەبایەکی بزێوم.
ئەو تریفە شاعیرانە دەئالێتە قەد و بالای
من ئەنفال و کۆڕەو و مەرگ!
ئەو ڕازێکی نەدرکاوە و چیرۆکێکی نەبیستراوە
منیش سۆزی تاسەی ئەوینێکی برسیم
ئەو خەونێکە گەورە بەقەد شاخی عەشق و،
منیش بنارێکی سەوزی خەیاڵێکم
من و ئەو دوو خەونی چوونیەک و هاوبەشین
دوو سەمای گەرمیانی و لاتینی و،
دوو ماچی وەریوی لێواری غوربەتین
باڵندەی حەزێکی لاوازی ڕەشتاڵەی هەناسە سواربوو،
نێوانمان دەکاتە هێلانە و،
سەرابێک لە عەشق دەنێتە ژێر سەری هەناسەی دووریمان.
من و ئەو چیرۆکێک لە جەنگ و،
گریان و تەنیایی و مردنین
ئەو منە و منیش ئەو
ئەوێکی ڕووت و قووت
خەونی ئەو جوانییە و هەر منیش سەرابە.

*(تێبینیی من و ئینالآ لە ڕۆژگارێکدا بووین بە یەک خەون کە*
*جەمسەرە سارد وگەرمەکانی گەردوون لە نێو کێڵگەی دژ بەیەک*
*بوون توانەوە!!)*
ئینالآ چاڵێکە لە گوناه
کێڵگەیەکە لە میهر و نەوازش
هەر ڕۆژە دەمنێتە نێو لەپی شەرمێکی یاخیبوو و
هەڵم ئەگرێ.
من تەنیا لە بەردەم سەفەر و عەشقی ئەو دەلەرزم
من تەنیا لە چاوی ئەوەوە سامناکم
هەر تەنیا لە دیدی ئەوەوە حەرامی حەلاڵم.
نامکوژێ ئەزانێ مەرگی من سەرەتای سەدەیەک گریان و،
سەرەتای عومرێکە لە عەشقی باران و
هاتنی وەرزێکە لە حوزن و لە فیراق
ئەزانم مەرگی ئەو فڕینی خۆشنوودی و زاینی ئازار و
فرمێسکی کتێب و شیوەنی قەسیدەی نوێم ئەبێ!
ئینالآ لە چاوی شیعرەوە، لە دڵی شیعرەوە
لە نیگای شیعرەوە، خەریکی ئەزبەرمە.
من و ئەو دوو خەونی هاوبەشین
دوو سەمای جیاواز و
دوو ڕەنگی گەرمیانی و لاتینیی چۆن یەکین
ئەو منە و منیش ئەو
ئەوێکی ڕووت و قووت
*(تێبینی ڕۆژێکی چوار شەممەی پایزێکی ڕەنگپەڕیوی تاراوگە*
*لە قاوەخانەیکدا ئینالآ دوای ڕۆچوونە نێو بازنەکانی ئەم قەسیدەیە*
*ئەم دێرانەی وەک ئەمانەت دایە دەستم!!)*



تۆ منی و
منیش تۆم!
من لەگەڵ دوا چرپەی هەناسەی قەسیدە نوێیەکەت
فوو ئەکەم لە چرای بینین و،
سڵ ئەکەم لە وجود.
من ئەبەمە گوێسوانەی چۆلەکەی تەریوی شیعری تۆ.
دێم ئەمە باڵکۆنەی هۆنراوەی کۆچەرت!
من باوەش بە گۆڕ و قەسیدە و گشت خەونە لێکچووەکان ئەکەم و،
کانییەک فرمێسکی لاتینی ئەرژێنم!
تۆ منی و منیش تۆ
تۆیەکی ڕووت و قووت!
(پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک بەسەر یەکەم ژووانمان،
ئینالآ بەچرپەوە ئەم شیعرەی بۆ خوێندمەوە کە بە پورتوگالی نووسیبوی و
منیش وەرم گێڕایە سەر زمانی کوردی)
بووم بە تۆ و، لە تۆدا بووم بە خۆم
سینگم کرد بە باخچەی عەشقێکی سەر شێت و،
وەک ئەوەی دەروونم هالاوی غوربەتی لێ هەڵسێ
ڕاموسیت... ڕاموسیت تا ئێسک و پروسکی ئەوینم تێک شکا
لە تۆدا وێنەیەک لە خەمی ڕێبوارێک بە تەڵخی خۆی سوا بە ڕووما.
لە تۆدا... گوناهێک ڕای ژەندم، تاکو بووم بە کۆرپەی گەرمیان و،
خەونم دی بە دۆڵی سوپارتۆ.
خۆشییەک سەرتاپای ئەندێشەی جەستەمی گرتەوە.
بووم بە تۆ...تۆیەکی قەرەج و بە گومان
تۆیەکی وێڵ و ون!

تۆیەکی بە من بووی عاشق و سەوداسەر.
تێکەڵ بووین... من و تۆ... ئەو کاتەی تاریکی قووتی داین
ئەو کاتەی دەڤەرێک لە خەون و خولیا هەڵوەری.
تێکەڵ بووین ئەوکاتەی هەناسەی حەزێکمان باڵی گرت.
ئەو کاتەی بزەیەک بە ok لێوانی لێ کردمە زیندان و سزای دام!!
تێکەڵ بووین... ئەو کاتەی من و تۆ بووین بەیەک
ئەو کاتەی بە ڕووتی بووین بە یەک.

٢٠٠٣-٢٠٠٢
ڤانکۆڤەر-کەنەدا



## بوون بە خوا

ئەبم بە خوا...
بە فرمێسکەکانی غوربەت
بە باخچە کوژراوەکانی خۆشەویستی.
ئەبم بە خوایەکی دڵ گەورە و داهێنەر
خوایەک، ڕێز لە نەورەس بگرێ و کەناری دەریای خۆش بوێ.
خوایەک شیعر ئەزبەر بکا و،
وێنەکانی مناڵیم و شەڕە بەردەکانی خانووی (عمل شعبی) و،
قەرەقەرەی خۆشاردنەوەی شەوەکانی هاوین و،
هاوڕێکانم بۆ هەڵگرێ.
خوایەک بمناسێ و تێم بگا وحاڵی ببێ کە چی دەڵێم.
خوایەک، دەنگی کوڕەکەم و ئاهی باوکم تێکەڵ بکا.
خوایەک سەمای عاشقانە و جاویدانە،
لە مەحرەمی گوناهەکان دەربهێنێ.
خوای دەرەوەی ئەفسانەکان

خوای دەرەوەی سوێندەکانی دایک و باوکم.
کە بووم بە خوا... دەروازەیەک لە نهێنی واڵا ئەکەم
نهێنیی بوون و عەشق و خەم
کە بووم بە خوا... ئەو ڕاستییە ئەدرکێنم، کە نایزانم!.

*کچەکەم لەسەر کارتی پیرۆزباییی کرسمسی ئەمساڵدا لە ٢٤/١٢/٢٠٠٢ ئەم وتانەی بۆ هاوپۆلەکەی نووسیبوو (گەر لەم جیهانە بتوانی ببی بەهەر کەسێک، ئەبی بەکێ؟ ئەمەوێ ببم بەخوا... چونکە ئەتوانم لە کاتی تەنگانەدا یارمەتیی بدەم و لە کاتی خۆشیدا لەگەڵتابم)*

من ببمە خوا
یان تۆ ئەبی بە خواوەندێکی مێیینە
من بسوتێم بە گوناهی سەفەری بوون
یان تۆ ئەبی بە وڵاتی بەزەیی و شەرم.

***

ئەبینە خوا... خوایەکی سەر خۆش بە شەراب
خوایەکی نەک تاک و تەنیا
خوایەک ژووان بگرێ لەگەڵ عاشقەکەی
خوایەک گۆرانی بڵێت و شیعری نوێ بهۆنێتەوە.

***

ئەبم بە خوا... بەڵام خوایەکی واقیعی!.

٢٥-١٢-٢٠٠٢
ڤانکۆڤەر-کەنەدا



## چێشتەنگاو، باخچەیەک لە سۆز

ئەو دیوارە بۆچی وا بێ ناز کەوتووەتە ژێرباری ڕمان
هەر خشتێکی داستانێکە پڕ لە پرسیار
هەر خشتێکی مێژوویەکە پڕ لە هەناسە
ئەو دار هەنجیرەی وشک بووەتەوە، ڕۆژگارێک لە سێبەریا
دەیان خەون تاوتوێ دەکرا و،
سەدان خەندە و پێکەنینی لە سایەدا دەبووە دیرۆک!
ناتوانم تاسەکانم لە ڕابردوو بسێنمەوە
ناتوانم لە ڕۆژە تێ پەڕیوەکان بژێمەوە
ئەو ڕۆژانەی پڕن لە میهر و سادەیی.
وەختێ بەسەر گەڵا وەریوەکانی سەر شۆستە ڕێ ئەکەم
ئازارێکی شەرمناوی دەئاڵێتە قەدی هەستم
ئەو کاغەزەی ژێر دەستیشم دەزریکێنێ
کە ڕۆژگارێک چلێک بووە لە پیرە دارێکی گومناو
پشتی کردبووە هێلانەی باڵندەیەکی سەرما بردوو
*

که شەو دادێ... باخچەیەک دێ و لە تەنیشتمەوە هەڵئەکورمێ
شەپۆڵێک دێ و لە پشتمەوە دائەنیشێ
کە شەو دادێ... جەستەم ئەبێتە پارچەیەک لە تاریکی
دەنگم ئەشکێ و
گلێنەکانم ورد ئەبن
زریانێک لە نائومێدبوون و دڵەڕاوکێ هەڵئەکات و
پەیکەری شەوە هێمنەکانی تەمەنم دێتە سەر چۆک.

*

لەقەفی ئەستووری ئەو سۆزەی دڵی من و ئەم ژیانەی بەیەکەوە گرێ داوە
کایەیەک لە گومان هەیە
بۆشاییەک لە داچۆڕان و خەم هەیە
لەو بۆشاییە گۆڕانییەکانی مناڵیم
سێکس ئەکەن لەگەڵ کچە گەورەکانی هزری دوێنێ
لەو بۆشاییە وێنەکانی ڕابردووی خۆم
وێنەکانی مناڵێکی شەرمن و عەجوول
لە چوارچێوەی شکست ئەگرم.
لەو بۆشاییە... من جەستەیەکم هەڵاتوو
چۆک دادەر و
دڵم بووەتە بیابانێک لە بەزەیی و شەرم و هەنسک
لەو بۆشاییە مێژوویەکم پڕ لە گرێ و،
پڕ لە پرسیار و نهێنی!

*

چ سۆزێکە... هەستم ئەبا بەرەو تارماییی خەونێکی پارچەپارچەبووی
ڕابردووم.



چ سۆزێکە...دڵم ئەبا بەرەو دۆزەخی ڕۆژگاری بە مردن کردنی هیوام.
بەرەو ڕۆژگاری بەهەشتە درۆینەکان
چ سۆزێکە... ئەم بیابانە برینگە و،
ئەم ئاسمانە نووتەکە بێ ئەستێرەیەم پێ ڕەوا نابینێ.
چ سۆزێکە... ئەم قەدەرەی گووشیوم و،
ماچی لێوی ڕۆژەکانم دەسپێرێتە مردنە ساختەکان.
بەم چێشتەنگاوە، بۆچی ئیشتیهای خەوێکی قووڵم کراوەتەوە.
بەم چێشتەنگاوە، بۆچی بوومەتە موریدی سەرابێکی کۆچ کردوو.
بەم چێشتەنگاوە، باخچەیەک لە سۆز بووەتە زیندانی ڕۆژە تاڵەکانم.
بەم چێشتەنگاوە، گوڵێک لە نەبوون و،
شەرابێک لە داچۆڕان و
دیارییەک لە دۆزەخ ئەمخواتەوە.
لە سەر چۆک و دەستەکانم ئاوەڵایی بەرەو ئاسمان بەرز دەکەمەوە و،
ئەڕوانمە قوببەی دڵی ئەو خواوەندە پەناهەندانەی،
کە ئیقامەی سەر زەوییان نەدراوەتێ.
لە چێشتەنگاوا... ئەڕوانمە ئایندە لێڵ و تەماوییەکان
لە چێشتەنگاوا... ئەڕوانمە باخچەکەی سۆز.

ڤانکۆڤەر-کەنەدا
٢٠٠٣/٠١/٢٢-١٨

تێبینی: ئەم قەسیدەیە لە ڕۆژنامەی(کورد) ژمارە(٢٦) ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

## کۆتایی ڕۆژ

خەنجەرەکانتان دەرکێشن
با لە ژەنگی کالانەکان نەبنە گەرد و،
تەرمەکانیان لە بەردەم لافاوی جەنگدا نەنێژرێن.
ئەو ڕووە قایمانە چەند بێ دەربەستن لە کوشتنی مرۆڤ و
قەلاچۆکردنی شارستانی و،
دیکۆرکێشانی کوشتارگا!.
وەختێ چەقۆ فەرمانڕەوای بیابانی دیالۆگ بێ
فەرمانی شمشێر ببێتە گوتاری مافەکانی عیشق
من دەبمە گۆرانیی ئەو دڵەی گوڵی لێ دەپشکوێ.
ڕۆژ خەریکە کۆتاییی دێ و...
ئێمەش وا دەبینە قوربانیی شەڕێکی ماڵوێرانکەر!
ڕۆژەکان بەرەو کۆتایین
زەردەپەڕ لە کڕنۆشدایە و،
سەحەر پێشەنگی کۆچڕەوێکی نامۆیە



کازیوەیەکی ڕەنگ پەڕیوو
تەزرە مەرگ و ڕێژنەی خوێن
تراژیدیای ئەو چیرۆک و بەسەرهاتە غەمبارانەی
سنگی شەقار شەقار بووی میزۆپۆتامیا
دەنێتە بەر نیگای ڕاماڵینی خێرا.
پێچەوانەیەکی سەیرە... جیهان لە پێشکەوتندایە و
منیش تا دێت کۆیلەترم!
ڕۆژ خەریکە کۆتاییدێ... وەک کۆتایی داستانی دڵ
وەک کۆتایی شیعر و چیرۆک، وەکو مرۆڤ
(جیهان بە چیرۆک بنیاد نراوە، نەک بە ئەتۆم)
ئێمەش هەڵدێین بەرەو مەرگ... بەرەو بیابانی مردن
مردنێکی زۆرەملێ.
هەموو دەڕۆین بەرەو ئۆردووگای لەنێو چوون
بەرەو ئۆردووگای فەنا
ڕۆژ خەریکە کۆتاییی دێ و... سوپایەک لە وشە دڵ گەرمەکانی شیعرێکی یاخی
لەشکرێکی بێ شوماری عەتف و ئەوین، هەڵمەت دێنن
ڕۆژ خەریکە کۆتاییی دێ و... دارستانێک نەبووە شوێنی هاوارە سەر براوەکەم
کۆترە شەپۆڵێک نەهاتە کەناری گوێسوانەی ژوان
چۆن دڵ بدەم بەم شەوانە... جەستەی بوونم لە هەناویا ئەشێوێنێ
ئەم شەوانە ئەموەرێننە سەر شۆستەکانی عەدەم
من گەمە بە بسکی ئاڵۆزی ڕەشەبایەکەوە ئەکەم
کە ئالودەیە بە بۆن کردنی پێکەنینە سیحراوییەکانی شەو.

دەستی ئەو زامانە ئەگرم کە ئەمپەرێننەوە ئەو دیوی ئاوابوون
بەدیار چییەوە شەوارە بگرم کە من تامی ئەم شەوە گێژانەم پێ ناکرێ
نیگای ئاشووبەم پێ دەستەمۆ ناکرێ
بۆ شەوارە بگرم کە من هەنگوینی هێمنیم لێ ببێتە تاڵستانی تام.
شەوارە بۆ مەرگی پۆلێک وشە ئەگرم...
کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شیعرێکما سترانی نەمری ئەچڕن.
من مەستم بەم شەوە کورتانەی بوونەتە جەللادی شیوەنی پایزم
مەستم بە جەنگەکان... بە ئاگر... بە ماچ و... بە سووتان
مەستی من نەسیمە لە نێوان سەمفۆنیای بوونم و کۆڕاڵی پرسەمدا
خەریکی سەمایە و کۆتاییی ڕۆژم بۆ ئەنوسێ!
مەستی من کانییەکە لە بیابانی سروودەکانی تەواو بوون.
شەوارە بە چییەوە بگرم... کە ڕۆژم لێ ببێتە سەراب.
چۆن گەواهیی نزاکانی منو گریانی ڕۆژ و هەنگاوەکانی سەحەر بپێچمەوە؟
ڕۆژ خەریکە کۆتاییی دێ و
کۆچی نەوڕەسەکانی تەنیایی و ئافاتەکانی غوربەتگا چۆن بنووسمەوە؟
لە پشت پەردەی تکاکاندا، گوێ لە وردە پاڕانەوەی خەڵوەت بگرن
کە ڕۆحی لەت و پەت کراوم ئەنێتە نێو ئۆقیانووسی مردن
مردنیش... بێ نوێژبوونی خوایە.
ڕۆژ بەرەو کۆتایی ئەچێ و.
بەرچنەیەک چڕبوونەوەم لە باخی سەدای هەنسک بۆگەن بووە و
خەریکی مل کەچ کردنە لەبەردەم چەقۆی جەللادا.
ڕۆژ خەریکە کۆتاییی دێ و منیش بۆ کۆتاییی ئەچم
بەرەو کۆتاییی فڕین و
سێبەری ئەو بەختیارییەی هەموو لەحزەیەک ئەوەرێ.



بەرەو ئاوا بوون لە بازنەکانی عەشق
بەرەو مەست بوون بە سرووتەکانی جەنگ و فەرموودەکانی جەللاد و
شمشێر
بەرەو پەشیمان بوونەوە لەبەردەم قاپیی سووتانی هەرزیم
بەرەو ئاقاری دوێنێ و مناڵیم
بەرەو ساڵنامە بێکەسەکان کە زمانی زەمەن ناناسن و،
لە کۆشکی هیچ جەللادێکدا نابنە تیرۆر
ڕۆژ خەریکە کۆتایی دێ و منیش بەرەو فەنا ئەچم.

ڤانکۆڤەر–کەنەدا
١٦-١٢-٢٠٠٢

تێبینی: (جیهان بە چیرۆک بنیاد نراوە، نەک بە ئەتۆم) وتەیەکی (مۆریاڵ روکەیسەر)ی نووسەری کەنەدییە کە لەسەر کارتی داوەتنامەی فیستیڤاڵی ساڵانەی شیعر و کورتەچیرۆک کە لە ڤانکۆڤەر ساز دەدرێ نووسراوە، وەرم گرتووە.

## گەڵا وەریوەکانی ڕۆح

خود
کۆگایەکە، جێگای زۆر شتی تیا ئەبێتەوە
مردن نەبێ!

ژن
جوانترین دیاری و
بە نرخترینیانە
کە پیاو بەدەستی هێنابێ.

وێنە
دیوی بێ جووڵەی هەناسەیە
جەستەیەکی بێدەنگە
لە چوارچێوەی ڕوئیادا.

سێکس
ڕەهابوونی شەهوەتە



لە زیندانی جەستە و
ئارام بەخشە و.
پەڕینەوەیە بەنێو باخی لەزەت و،
شەهوەتە بێ چاو و ڕووەکەی زیندەوەر.

گوڵ
ئەو شتەیە کە بە نیازە
کەشفم بکا و
جامی نهێنیم بنۆشێ.

گومان
ڕەها کردنی ڕۆحە بە پرسیار و
کۆیلەکردنی خۆش باوەڕییە.

تیرۆرست
گەمەیەکە وەک مەدالیا بەخشرایە گەنم ڕەنگ و
پێست ئەسمەری ڕۆژهەڵاتی.

سیاسەت
بازاڕێکی تری شێخەڵڵایە
بەڵام لەژێر کەپری قەناعەت.

عەشق
ئاوێزانبوونی بوونە
بەچێژ و
فانتازیای خود.

سەراب
وێنەیەکی هەڵواسراوی
سەر دیواری ژوورەکەمە.

سەفەر
خاڵی بەریەک نەکەوتنی من و تۆیە
کاتێ چوا کشوەر دوورم لێت

سەما
ئافەریدە کردن و بەخشینی
زاتە لە سەروبەندی فڕین و.
ڕەهاکردنی جەستەیە
لە زیندانی ڕۆچوونە نێو خەم.

شیعر
هەڵگێرانەوەی ناخ و
دووبارە وێناکردنەوەیە.

ئەنفال
دزینی ١٨٢ هەزار گۆرانییە
لە شاخێکی یاخی.

هەڵەبجە
برینی سەر جەستەیەکی
پارچەپارچە کراوی لەشمە.



قەڵەم
دەروازەی هەڵڕشتنی ناخ و
نهێنییە کلۆم دراوەکانی دەروونی مرۆڤ و
ئاراستەکردنی شتەکانە
بە ڕێڕەوە گونجاوەکان!

کۆڕەو
تراژیدیایەکە بە تەوێڵی مێژووەوە.
نمایشێکە...
ئەگەر دووبارەبوونەوەی نزیکە.

مەرگ
تاریکترین نووتەک و
بێ دەنگییەکی بێ سنوور و
تەنیاییەکی ترسناکە
گەمارۆی جەستەمان ئەدا و
قووتی ئەدا.

خوا
جوانترین واهیمە و
قەشەنگترین ترسە.
لە نێو قەفەزی کرنۆشدا.
دەستە پاچەکردنی قودرەتە گەورەکانی ئەوینە و
لێ سەنەوەی ئیرادەیە لە مرۆڤ.

مەحاڵ

من جەستەیەکی ڕووتی دوور لە تۆم.
توولە ڕێییەیەکی شاراوەم
لە دوورگە چاو سەوزەکانی فیراقماندا
تۆش... کەناریت و
هەرگیز نایەی لەم کەنارە...
بێ ئۆقرەیەی چاوەڕوانیم...
باڵ لێک بدەی
تۆ نایەی... ئا... هەرگیز نایەێ!

تەنیایی

هەلۆەرینی بۆن و بەرامی ژیانە
لە کیشوەرە ونبووەکانی
بێ دەنگیدا.

خەم

کوژرانی گزنگە
لە ساتە وەختی ڕامان و
پەلکێش کردنی نیگا بێ ئازاکاندا!

تاراوگە

هەڵوەداییە بەشوێن سەرابە
کۆچ کردووەکان و
دۆزەخە سەر هەڵگرتووەکانی هیوا
گەڕانە بە شوێن ناسنامە ونبووەکان



باران

شۆڕینەوەی ڕۆح و
جەستەی گوناهە گەورەکانی مرۆڤە
لە وێڵ بوون و
سۆراغکردنی پاشماوە نەگریسەکان
دووپاتکردنەوەی سوێندە بۆ ناشتنی خەزان و
کاڵکردنەوەی نیگا تۆخەکانی ئارەزوو
باران خەونەکانمە و
گەمەیەکی سەیرە ڕێکەوتە!

چاوەڕوانی

ئەو زەمەنە بێ هەستەی وا زەماوەندە بێ نەخشەکان
ئەڕژێنێتە نێو جۆگەلەی گرفتەوە
تەمەن لە هەڵمێکی سپی هەڵئەکێشێ و
لەگەڵ مەرگا سەمایەتی
ئەو جەستە بێ دەردەستەی وا ڕۆح لە ئارامی ئەکوژێ
هەراسانم لێ هەڵئەگرێ و
تۆم لێ دەکا بەسەرابێکی قەرەج و
بە ئاوازێکی کۆست کەوتوو.

خولانەوە

دڵم لە دەرگای خەمیدا.
خەم لە کونی کێلونی دەرگاوە ڕوانی و
دڵی بینیم
لە پەنجەرەی پشتەوە هەڵات و ڕۆیی

لەو ڕۆژەوە... خەم ودڵم
وەک دوو ئەستێرە و تارمایی
بەدەوری تەوەری جەستەم ئەخولێنەوە

پارە
پارە ئەو هێزە خوداییيە
کە سەرجەم دژەکان پێچەوانە ئەکاتەوە
سیحرێکە... بە کۆیلە بوونی هەمووانە
بۆ سیستەمە داڕێژراوەکان.

دڵ
جیهانێکە... فراوانە هێندەی گەردوون
دەریایەکە پڕ لە ئەڤین
کێوێک خەم و هیوای تیایە.

یۆتۆپیا
گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوو و
زاڵبوونە بەسەر مردن!

وێڵ
وەک شەپۆلێکی هار و هاج
سنوورەکان ئەکێشێتە ژێر ڕکێف و
بۆ تکایەک...
گریانێک و
دۆڕاندنی هەناسەی گەرم
وەکو دەنکە ترێیەکی سیسەوە بوو



خاچی داستانێکی تازە ئەداتە کۆڵ
بۆ خەندەیەک
خەونێک... عەشقێک
کە چەند ساڵە لێی ون بووە.

سەر پۆش
زیندانی کردنی نێرگز و،
بەچۆک داهاتنی ستایڵی قژە
لەبەردەم ڕوانینێکی بەردیندا.

ڕۆژئاوا
دۆزینەوەی نیگا ونبووەکانی
خەونی کاڵی ڕۆژهەڵاتە.

فڕۆکە
لەدەست دانی ئیرادە و
توانایی مرۆڤە لەئاست مردن.

عەشق
برینێکی قووڵە لە جەستەی ڕابردووم.

دوعا
هەڵدانەوەی پەردەکانی شانۆی
ترس و دەستەپاچەیی مرۆڤە
لە ئاست بێ دەسەڵاتی خۆی.

سوێند
سەربڕینی شەوە سوورەکانە
لەبەردەم گالیسکەی وجود.
دارمانی باڵەخانەی حەزە و،
بڕیاری کردارە داڕێژراوەکانە.

ڤانکۆڤەر-کەنەدا

٢٠٠٣-٢٠٠٢

تێبینی: ئەم گەلایانە لەکات و شوێنی جیا جیا نووسراون و بەشێکی لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە (١٦٣)ی ساڵی ٢٠٠٢ (پێم وابێت) بڵاوکراونەتەوە.



## نووستن لە نێو پەڕە ئاڵەکانی ئاودا

بنوون بە خێر... ئەی دۆڕاوی جەنگەکانی نێو جەنگەڵی کوشتارگاکان
بنوون تا لەخەودا ئەبن بەفریشتە و
ئەبن بە پێغەمبەرێکی تەزویر
تا لە سێبەری خەوێکدا دیدارێک ساز ئەکەن لەگەڵ هەڵەکانی ژیانتانا
قووڵ بڕواننە ئەو ئاواتە شاقوڵیانەی بەبەر دەرگای نیگاتانا هەڵواسراون
قووڵ بڕواننە ئەو سبەینێیەی کە هەرگیز نایبینن!
ئێوە دەمارەکانی لەشی خۆتان دەرئەهێنا و هەر بەدەستی خوێناوییەوە
ئەتانکردە پەتی سێدارەی ژیان
ئێوە دڵی خۆتان گۆشاوگۆش سەرئەبڕی و ئەتانکردە قوربانیی جەلادێک
کە هەر خۆتان ناوتان نابوو ئایدیۆلۆژیا!!
بنوون ئەی خێر لە خۆنەدیوەکانی ئەولای مەنفا
ئێوە بەدەستی خۆتان گۆڕی خۆتان چێ ئەکرد و
لەسەر کێلەکانی ئەتان نووسی(گۆڕ بۆ کرێ)!!
ئێوە بەکامی دڵی خۆتان لە ئاوی شەڕتان ئەخواردەوە و

پاشان قرقێنەیەکی گەورەتان بۆ ئەکرد و سروودتان ئەووت.
بنوون ئەمە دوایین چاولێک نانە و
ئەمە دوایین هەناسەیە و
ئەمە دوایین گۆرانییە.
بنوون... ئێوە خۆبەخشانە خۆتان لەناو خۆتانا ئەکوشت و پێ ئەکەنین
خۆبەخشانە وەسیەتێکتان ئەنووسی و
خۆتان بێبەری ئەکرد لە هەموو لەززەتێکی وجود.
خۆبەخشانە تەقەتان ئەنا بە کارمامزەکانی گومان و
نوکتەی خۆشتان بۆ کوژراوەکانی شەڕ ئەگێڕایەوە.
بنوون... خەوتان بەخێر
ئەمە دوایین تروسکەیە و
بێدەنگییەکی سامناک و
تاریکاییەکە بۆ هەمیشە.
بنوون... ئێوە دەستتان بەدامەنی کراسەکانی تکاوە ئەگرت و ئەپاڕانەوە
ئێوە یەقینەکانتان نەئەشاردەوە تا بەسیمای بەرائەتتانەوە بێنە بەر
دەرگای ژیان
بەدیار ئەفسانەکانەوە شەونخونیتان ئەکرد
تا گرێیەک بدۆزنەوە بۆ شیکارکردنی گرفتەکانی بوون.
ئەتانویست بفڕن و نهێنییەکانی ئاسمان بەکلۆمدراوی بدەنە دەست
سەربازەکانی مەرگ
ئێوە پێش مردن پەیمانتان دابوو بەجەستەی خوێناوییەوە
نەچنە بەر دەرگای خوداکانی ترس و تەعەددا
پەیمانتان دابوو پێش مردن گوێ لە بانگی ئەو فرۆشیارانە نەگرن
کە بەسەبەتە ڕۆح و هەست و زات و ئەفرۆشن.



بنوون بێ ئەوەی نەریتەکانی عەدەم پشت گوێ بخەن
بێ ئەوەی لە لۆژکەکانی فەنابوون ڕابکەن
بخەون تا ئەبەد دێت و لە دەرگا دەدا
خەوی خاڵی لەمردن
خاڵی لە ترس
خاڵی لە ماندووبوون و بیرکردنەوە
خەوێک تژی لە بێدەنگی
بنوون... ئەمجارەیان گۆڕەکانی ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ خۆتان بەرنە نێو
باخچەکانی بەبەردبوون و
هەستەکانتان لە بەردەمی خوداکاندا وەکە بەڕماڵ ڕابخەن و
تیر پێ بکەنن بەو عەقڵانەی دڵیان خۆشە کەوا زیندوون
بنوون... وەختێ باڵندەکان ئەچن لە پەنچەرەی ئێوارەیەکی لاوازدا
ئەڕواننە سوتانی ئەو خودایەی بێ ویستی خۆی شوناسنامەی گەورەیی
خۆی ئەدڕاند و
ئەیوت وەهمم... من خەیاڵم... من عاشقم.
بنوون وەختێ نیشتمان موعتاد ئەبێ و پەیتا پەیتا
داوا دەکا هیرۆینی خۆشەویستی لە جەستەدا دەربهێنن!
بنوون... ئێوە لە بەردەم خەریتەکانی مەرگدا تووشی سەرسوڕمان هاتبوون
و
نەتانئەپرسی گوناهی ئەو مەرگەتبارە چییە؟
لەبەردەم لاشەکانی خۆشنوودیدا ئاهێکتان بەدڵدا دەهات و
ئەو کاتانە ئەتانویست پێ بکەنن کە عاشقەکان
دڵدارەکانیان تووڕ هەڵدەدایە نێو دوورگەکانی بیرچوونەوەوە.
ئێوە کەی تامی ژیانتان کرد و کەی لەژیان گەیشتن

تا بەو جۆرە ختووکەی مردن بدەن و بپارێنەوە تا سارد دەبنەوە.
گومڕاییە ئەو هەموو پەیمان و بەڵێنانەی کە پێتان درابوو
بۆ زیندوو مانەوەی هەمیشەییتان
گوناهکی گەورەیە یاریکردن بەقەدەر و
فەرامۆش کردنی ئەو کۆدانەی کە خوا خۆشی سەری لێ دەرناکات.



## دوو دەستی پڕ لە دووکەڵ

بەباڵە فەرزەندەییەکانی چ حیکمەتێک گەڕایتەوە
کە تۆ زەمەن هەڵی لووشیت و
تەسلیمی مەرگی کردبووی؟
چ جادوویەکت لەزەمەن کرد و،
خۆت خزاندە نێو پێچە پڕ لە نهێنییەکانی ژیان؟
تەنیا بۆ ماچ و لەباوەشگرتنێکی دایکم
کە موددەتێکە لە چاوەڕوانیی ئەم ژووانەدا
خەریکی هۆنینەوەی بسکی درێژی قەسیدەیەک بوو!
دایکم... هەر لەگەڵ دەرکەوتنی دەموچاوە پڕ لە نوورەکەت
وەک عاشقێکی گڕگرتوو،
خۆی فڕێ دایە نێو جیهانی پڕ تەلیسمی باوەشتەوە.
تۆش گوشیت... توند گوشیت... وەک ئەوەی یەکەم ژوانتان بێت
دەستیت گرت و بردت... بردت... بردت
تا چوونە دەروازەی ئەم سڕەی کە پێی دەڵێن (مەرگ).

(باوکم که مرد، هەستم بەهەتیوی و تەنیاییەکی لەڕادەبەدەر کرد. بەڵام
بەمردنی دایکم هەستم بەنەمانی حەنینێکی زۆر مەزن کرد)
دەستێکم پڕ لە دووکەڵە و
ئەویتریشیان پڕ لە هەور
لەسەر گۆڕی پرسیارێکدا خەریکم دوایین سورەتی ماڵئاوایی ئەخوێنم.
خەریکم دوایین قەسیدەم ئەنێمە نێو قەبرەوە.
ئەمە سەفەری چیرۆکی بێکۆتاییی هەستە
چیرۆکی سەفەری بێکۆتاییی خۆشەویستی و ترسە
کۆتاییی سەفەری ماچە
سەفەری کۆتاییی شیعرێکی عاشقە
کە هیچ خوا و پێغەمبەرێک نەیانتوانی چۆکی عەشقی پێ دابدەن!
من دوو مۆمی داگیرساوم لە ژوور سەری هەڵاڵەیەک
تەسلیم بە ڕەشەبایەک کرد
من مەشخەڵێک لە میهرەبانیمدا بە خاک
من ڕوبارێک خۆشەویستیم لێ ون بووە و
دڵنیام لەوەی جارێکی تر نە سەفەر و
نە ماچی پڕ لە ئەڤین و
نەترس و نەخوا و نەعەشق ئەیدۆزنەوە و
نەکۆلانە پڕ لە ڕوداو و کارەساتە گەورەکان ئەیناسنەوە.
ئەم هەفتەیە پەنجەرەیەک لە ئەوینم خستە بەردەم باڵندەکانی غوربەتم
من گەلایەک لە گومان و
من درەختێک لە باران و
دارستانێک لە نهێنیم تیا شاردەوە.
نهێنیی گەڕان بەدووی هەور و خۆ ونکردن لەنێو دووکەڵ



نهێنیی هەست بەئەمان کردن لەنێو قەبر
نهێنیی بوون بەپێغەمبەر و یاری کردن بەعەشق

٢٠٠٥-١٤-٠٤
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

## دراوسێ کەم هەر بەتەنیا خانمێکی چاوگەش نەبوو

دراوسێکەم زۆر بەسادەیی ماڵئاوییی کرد و ڕۆیشت...
هەروەک چۆن بەسادەیی دەژیا و ئازاری دەچەشت.
دراوسێکەم هەموو ڕۆژێک خۆی لە سەرجەم
گوناهەکانی مناڵیی پاک ئەکردەوە و
کە ڕۆیی Email ێکی زۆر شەرمنی بۆ ناردم
کە ڕۆیی گەرمتر لە جاران هەڵوەدای ماچەکانی بووم
دراوسێکەم... جەستەیێ بوو لە خاوێنی و
لە سادەیی و لە گریان
کە ڕۆیی پریاسکەیەک لە گلەیی لە پشت دەرگاکەم دانابوو
دراوسێکەم جاویدانە سەمای ئەکرد
لە کەلێنی کاتە دزر تێبووەکاندا سەری ئەکێشایە کۆشکی تەنیایم و
بە جووتە ئەوسا ئەگریاین
لە کەلێنی زەمەنەوە ئەهاتە نێو شیعرەکانم و
ئەبوو بە تەمتومانێکی ڕەنگاوڕەنگ و



منی لە ژێر قژی زەردیا ئەشاردەوە
هەر لە کەلێنی کاتەوە بە سادەیی دەرگاکەمی ئەترازاند و
ئیتر منیش لەو کەلێنە دڵ ساردەوە چەتری ترسێکم هەڵئەدا و،
ڕوحم ئەکەوتە لەرزین و دەروێشانە حاڵی ئەگرت.
دراوسێکەم هەر کاتێ دیارنەمابایە
ئەچووم لە قەدی شیعرێکی نیرۆدادا بۆی ئەگەڕام
لە لێواری چیرۆکێکی مارکیزدا چاوم ئەگێڕا
لە بنمیچی ئاسمانەکانی لاتینا ئەبوو بەباڵندە و ئەفڕی
دراوسێکەم کە کاتژمێری تەمەنی خۆی ئەژمارد
فرمێسکی قەرز ئەکرد لەو هەورانەی بێ باکیان ئەپرژانەوە سەرکەلاوە
کۆنەکانی نەهامەتی
دراوسێکەم هەر بەتەنیا خانمێک نەبوو
چیرۆکنووس بوو گشت ڕۆژێک خۆی ئەنووسییەوە

هەفتەنامەی دراوسێ کەم:

دووشەمە
تاڵە تیشکێکی لاوازی پەلکێش ئەکرد و
بەخێرایی داستانێکی لەبەر پێیا سەرئەبڕی

سێ شەمە
ڕێژنەیەک دێ و
باوەش ئەکا بەسێبەرە جێماوەکانی خۆر و
ئەویش قژی دادەهێنێ.

چوارشەمە
نافورە خەونێک ئەبینێ بەئازادییەوە و
دەست لە سەر شان کزەبایەک دائەنێ و
جەستەی خەیاڵ بە چەرچەفی دڵنیایی دائەپۆشێ
ڕوومەتی گوڵێک ئەسڕێ و
لەگەڵ باڵای (ئەسەرێهێ) سەما ئەکا.

پێنج شەمە
هەردوو مەمکی ئەنێتە نێو لەپەکانی و
لە ئاوێنەی تەنیاییدا دەڕوانێتە لەشی نەحیفی بێ کەسی
ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشێت و،
ئەڕژێتە نێو جێگەکانی گومان و ژان بردنەوە.

هەینی
بەنێو جەنگەڵە چڕەکان ڕائەکات و
خۆ لائەدات لە نەورەس لە بازە شەڕانگێزەکانی خۆش خەیاڵی
ئەچوو ببێ بەبووکی زێڕینی دەریا.

شەممە
لە کەنارێک جەستەی ڕووتی ئەداتە خۆر،
خاچی ملوانکەکەی ملی ئەبێتە تاقە دەزگیران.

یەک شەممە
ژوان دەگرێ لەگەڵ خودا و
کەنیسەکان لە بەرچۆکیا هەر لە هەڵمی سەر ڕووپەڕی دەریا ئەچن
مەسیح خۆی لە بەرپێیدا دێتە سوجدە.



دراوسێکەم ئەدوا لەگەڵ ئەو خودایەی بڕوای پێی بوو
ئەو خودایەی ئاخنیبوویە چاڵە ژانێک
دراوسێکەم وەکو سیحربازەکانی وڵاتی هیند دڵی بردم و
من بێ دڵ ئەنارده نێو کۆڵانەکانی ترسێکی چڕ و پەلدار
بەرەبەیانان پەرداخێک لە ئاوی عەشقی ئەدامێ و
ئەیوت بڕۆ تاغەرق ئەبی لە ئەوینم
دراوسێکەم سەرابێک بوو
ئێستا لە نێو کتێبێکی زۆر پیرۆزدا ڕاکشاوە
موریدەکانی عەشق ئەزبەری ئەکەن.
ئێستا خوایە و منیش بەدڵ ئەیپەرستم!

١١-٠٢-٢٠٠٤
ڤانکۆڤەر-کەنەدا

## بەسادەیی وێنەکانی منداڵیی خۆم ئەشۆمەوە

چەند بە سادەیی سڕەمان گرتبوو لەبەردەم تاتەشۆرەکەی گەڕەک و
یەکی دوو مەتر خامی سپیمان لەبن دەست نابوو،
چاوەڕێی کفن دروو بووین... تا تەرمەکانمان بەرێتە نێو
گۆڕستانە چۆڵەکانی بێ ئومێدی.
ئەو ڕوحانە چەند سادە بوون کەساتمەیان
لە دەڤەرە پڕ لە کەند و کۆسپەکانی منداڵی ئەکرد و نەئەکەوتن.
سادەتر لەو دڵانەی عەشقیان بەنوێژی نیوەڕۆ دەفرۆشت و،
لە دەربیجەی ماڵە پڕ لە گڕێ کانیانەوە سەرەتاتکێیان ئەکرد
لەگەڵ شەڕکەرە بەجێماوەکانی دوای شکست و،
دۆڕانە بێ شەرمەکانی جەنگی ئایدیۆلۆژیا.
سبەینێیێ... زووتر لە ڕژانی ئاونگ و
زووتر لە زوویی و،
بەراییتر لە باوێشکەکانی ئەو سەرخۆشە تێر نەخەوتووەی
گشت شەوانی شەممەکانی ئەم زستانە



لە باڕەکانی Granville سەرخۆش ئەبوو بەباوەش و،
ماچی کچە سێکسییەکانی ئەم کیشوەرە بێ بەزەییە.
لەو سبەینێیە من بێدەنگی هەڵئەگرم و،
ئەو کوچانە پەی ئەکەم کە بەسادەیی تێیدا گریام و
لە هەر کوچێکیا هەست ئەکەم غەدرێک خۆی مەڵاس داوە و،
ڕەنگی پیازی لێ نیشتوە.
لەو سبەینێیە ئەبم بەگەمییەکی بێ چارۆکەی نێو گێژەڵووکەی منداڵیم و
ئەگریم بەدیار یەکەیەکەی ڕۆژەکان و
دەخوازم بەدار لاستیکی حەزم باڵندەکانی نەهامەتی بێنمە خوارێ
دەخوازم کۆلارەی ئەو چیرۆکانە هەڵبدەم
کە بەدیار لاشەی ساردی نەنکمەوە مرداربوونەوە و،
کەسێک نەبوو بیانگێڕێتەوە وەنێو ماڵە سارد و سڕەکانی زستانی ڕوحمان
چەند بە سادەیی خۆمان سادە دەکردەوە و ڕووت دەبووینەوە.
خۆمان ڕووت دەکردەوە لە بەردەم مەشیئەتەکانی عەشق.
لەبەردەم قەدەرەکانی ئەودیو ئیرادەی دزراومان.
لەگەڵ سادەبوونەوەمان خۆمان ئەکوشت و
ئێسکی وردوخاشمان فڕێ ئەدایە ناو گۆڕە ئامادەکراوەکان.
چەند سادەبووین کە لە شەڕ ئەگەڕاینەوە و
گۆرانیمان ئەوت لەسەر شکستە گەورەکانمان.
سادەبووین و ئەکەوتینە سەر زەنشتی لاشەکوژراوەکانی خەیاڵ
هەر بەو سادەیییەشەوە لەبەر دەم سەرکردە بێ غیرەتەکانی جەنگ
دروشمی نەمریمان بەرز ئەکردەوە!
بەسادەیی ئەو دەرگایانەمان ئەکوتا کەوێنەی کەللەسەرەکانی

مرۆڤی لەسەر نەخشێنرابوو و لێ نووسرابوو(دەرگای گەیشتن بە
ئاواتەکان!)
گوڵەکان پێگەیشتن و گەیشتنە سەر سینگی کچە قەیرەکانی ئێرە و،
سۆزانێییەکان نێو باڵخانەکانی Seymour.
گوڵەکان ژاکین و من تا ئێستاش بە حەسرەتەوە بووم بۆنێک
تەنld جارێک بۆنێکی بێتە بەر لووتم.
گوڵەکان بە سادەیی بوون بە گۆرانی و،
ئێمەش وەک کۆرس وتمانەوە و وتمانەوە و وتمانەوە.
دێمەوە بە سادەیی بە گوزەرە گەورەکانی پایزەکانی منالّیم ڕێ ئەکەم و،
سەردەکەم بە ماڵ بە ماڵی یادەوەریم.
گوێ هەڵدەخەم لەو پەیڤانەی تەمەنێک لە عەشق ئەنێتە بەر دیدە و،
کەرنەڤالێک لە ئارامی دەبەخشنە جەستەی ئومێد.
گوێ هەڵدەخەم لە گریانی شۆستەیەکی نامۆ بەرێبوارەکانی.
بەجۆگەلە خەمێکی سەرهەڵگرتوو بۆ لێواری مەنفاکانی بیرچوونەوە.
گوێ ئەگرم لە قریوەیەکی کەنەفت
کە گۆرانی بەسەر ڕەنگ زەردی و غوربەتی خۆی ئەچڕێ.
بەسادەیی دەڕوانمە کۆچە بێ ناسنامەکانی شارەکەم و
بە خێراییەکی بێ سنوور چاو لە گشت ڕەنگە ئاڵووالآکانی
لێک جوودایی وەرئەدەم و،
چاوم ئەشۆم بە بارانێک پڕ لە گومان و دڵنیایی
بارانێک کە وڕێنە شێواوەکانی تەنیاییم بشواتەوە و،
بۆنێکی خۆڵەمێشی بگێڕێ بە ژوورەکانی غوربەتا.
دەخوازم سترانەکانی باوکم ئەزبەر بکەم و،
لەپاڵ گاشە بەردەکانی ئەوینما...



ئەو قەسیدانە بنووسمەوە کەباس لە جەنگە دۆڕاوەکانم ئەکات!
وامەزەندە ئەکەم دیمەنی سووتانی پەپوولەیەک بدەم لە یەخەی ڕەشەبا.
توانەوەی سەهۆڵی ئەم بیابانە
نیشانی چلێک لە دارەکانی غەدر بدەم
وامەزەندە ئەکەم خۆشەویستیرین هاوڕێم بنێرمە ئەو سەفەرەی
کە لە حیکایەتە کۆنەکاندا شوێنی بیم و مەترسییە.
هەست بە گوناه ئەکەم وەختێ حاشا ئەکەم لە پێکەنینێکی ساکار.
چەند دژوارە خۆدزینەوە لە خەیاڵ
خۆدزینەوە لە سڕبوون لە بەر سەرمای غوربەتستان.
ئای دژوارە بڵێم خۆشم ئەوێی!.

*

زۆر بە سادەیی ئەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکانی منالّیم...
بۆ ژوورە پڕ لە نهێنی و پرسیارەکان.
ئەو ژوورانەی منی تیادا گەورە بووم و
ژوورەکانی ئەو حەزانەی هەر بە کاڵی کوژران و،
هەر بە کاڵی دەبرانە گۆڕستانەکانی جوانەمەرگییەوە.
ئەو ژوورانەی خۆشم ئەوین و ڕقم لێیانە.
ئەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژەکانی بێ دەسەڵاتیم
ئەو ڕۆژانەی توانای بڕیاردانم تیایاندا نەبوو.
ئەو ڕۆژانەی کە خەونێکی بچووکی دەست لێ نەدراوبووم
ئەو ڕۆژە بێ بە زەییانەی منیان کردە پارچەیەک لە غەدر و زوڵم
ئەو ڕۆژانەی لە کووڕەوەبووم بە باوکێکی گوناهبار.
ڕۆژە پڕ ترس و شەرمەکان...
زۆر بەسادەیی ئەگەڕێمەوە بەڵام بەبێ دەست و دیاری!!

هەر بەڕووتی لە بەر دەرگای ئەو زەمەنە ئەوەستم و،
هەناسەیەک هەڵئەکێشم
من دێمەوە... بڵێی کەس پێشوازیم بکات؟.

ڤانکۆڤەر–کەنەدا
٢٠٠٤-٠٢-١١



## ئەلبومێک لە هەست... ئەلبومێک لە یاد

(ئەو وێنانەی هیچ ئەلبومک نایانگرێتە خۆ، تەنها و تەنیا لەئەلبومی یادەوەری مندا دەژین)

ئەوە دایکمە دەستی ناوەتە سەرشانی گەنجێتی خۆی
ئەڕوانێتە داهاتوویەک پڕاوپڕ بێ لە ئاسوودە و بەختەوەری.

ئەوەش برا جوانەمەرگەکەمە،
چەند ساڵ بەر لە کۆچی باوکم
لەژێر سەقفی خۆشەویستی گۆرانیمان بۆ یەک ئەوت.

ئەم وێنەیە باوەڕێکە پیای هەڵگەڕام، بەرەو لووتکە
هەر ئومێد بوو لێی دەباری و
هەر خەون بوو گەرای دەکرد
تا لە چەقی دووڕیانێک... لەو بەرزەوە کەوتە خوارێ و
ورد و خاش بوو.

ئەمە باوکمە... ڕۆژمێرێ قسەی هەق و
ئامۆژگاری لەبەردەمە و
ڕووی کردووەتە دارێکی بەرز
ئەڵێی داوای نەمری ئەکات.

ئەم وێنەیە ڕەش و سپییە
ڕۆژگارێک (کاک جەلال) گرتی بۆ یادگاری
لە پشتەوە هەر بەئەنقەست
لادیواری مەسلەحەکەی (ڕەحیماوا)ی دەرچواندبوو
کە شەوی پێشتر نوسیبویان (مەرگ بۆ سەدام).

ئەمەش خوشکێکمە... ڕەشپۆشە
هەرچی جارێک کە تەلەفونم بۆ دەکات
لە دەوی بالاّم ئەگەڕێ.

سەیری پشتی ئەم وێنەیە... چی نوسراوە
٣٠-٦-١٩٧٦... ئەو کات مێردمنداڵێکی شەرمن بووم
نەتەنیایی و نەتاراوگە و نەسەفەری بێ بەزەییم نەدەناسی
تەنها سڵم ئەکردەوە لەبرا جەللادەکەم و
لە مامۆستا دڵڕەقەکەم.

تۆ چاو لەم وێنەیە بکە
وەختێ (کاک جەلال) بۆی گرتم... وتی کاتێ گەورە ئەبی
بیرت نەچێ خەم سەر شانی خەم کەوتووە و ئازار ئەڕژێ
بیرت نەچێ کە گەورە بووی لە خیلالی ئەم ڕەسمەوە
چاوت چەند دەیەیەک ئەبڕێ.



ئائەمەشیان ڕیشی سپیی شارەکەمە
کەوتووەتە دەست مناڵ و تواڵ
یەک بەملادا ڕایئەکێشێ و
ئەوی تریش وا ئاگری پێوە ئەنێ
کەرکووکیش لە ترس و داخا
وەک قەتران ڕەش داگەڕاوە و خەرکی خۆخواردنەوەیە.

وردبەرەوە لەم وێنەیە
ئەو پارچە کاغەزانەی سەر ئەو گژوگیایە
ئەوە نامەی کچکی خزمم بوو وەختێ
من ئەویندارى ئەو بووم و
ئەویش بەبرای خۆی دایئەنام.

ئەمەش وێنەی شێرپەنجەیە
وەکو زەروو، وەک مۆرانە لە گیاکەڵەی کەسێتیی دام
ئەیویست بمکات بە دووکەرت و بەدوو پارچەی لەیەک نەچوو
دیوتە ڕەنگی زەرد وەک کێمە.

دیوی ئەودیو... وێنەیەکە باخێک لە باوەشی گرتووم
ڕۆژی جەژنە و جلی تازەم لەبەردایە و
خەتم داوە و
بەپرچێکی درێژەوە چاوەکانم
وەک دوو چرا ڕووناکیان لێ دەبارێ

ئەمەی ژێرەوەش گەشتێکی دوایین قۆناغی خوێندنمە
پۆلێک خەون و ئاوات تێکەڵ بەیەک بووینە

لەنێویاندا مەهە و کەژە وەکو دوو پەپوولە کەوتوونەتە باڵەفڕکێ.

ئائەمەشیان ئەو ئافرەتە دڵ گەرمەیە
گەر بۆی بلوێ
وەکو پاروو قوتم دەدات.

ئەمەشیان دیسان هەر خۆمم... شەرمن... سادە
ترس سیمای داپۆشیوم و
ڕەنگم زەرد وەک گوڵەگەنم
تەنیام وەکو تەنیای ی خۆی.

ئەمەی دوواییان گەنجێک بوو... پاک
وەک فۆتە سپییەکەی دایکم
وەختێ کە بوو بەپێشمەرگە زوو زوو نامەی بۆ دەناردم
کەچی ئەفسووس بەر لەوەی لەژیان بگات
ژیانیان پێ ڕەوا نەدی.

دوواییین وێنەش هاوڕێیەکمە (هاوڕێیەک بوو!)
لەیەک ڕێکخراو کارمان دەکرد
هێند دڵسۆز خۆی نیشان دەدا
وام دەزانی میراتگرمە
هەر کە وازم هێنا لێیان
نەک هەر وەفا... تەنانەت سڵاویش ناکات.

ڤانکۆڤەر –کەنەدا
ناوەڕاستی سێپتەمبەری ٢٠٠٤



تێبینی:
(کاک جەلال) وێنەگرێکی گەڕۆک بوو لە شاری کەرکووک، دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خەریکی وێنەگرتن بوو. ئەوەندەی من بزانم کەسێک خاوەن هەڵوێست بوو.
فۆتە... پارچە قوماشێکی سپیی تەنکە ژنان لە دەوری سەر و ملیان دەئاڵاند و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.
مەسڵەحەکە... کۆمپانیای گواستنەوەی خەڵک (شرکة نقل الرکاب) کە کەوتبووە سەر جادەی گشتی کەرکووک – هەولێر لەسەر سووچی بازاڕەکەی ڕەحیماوا و سەردەمانێک گەلێ دروشم وتەی دژ بەڕژێمی لێ دەنووسرا.

# پێرست


پێشکەشە ..... 5
ڕوانین بە ناخی وجوددا ..... 7
دیوی دووەمی زەمەن ..... 11
مسۆدەی خەونێکی سپی ..... 15
قەدەر ..... 18
مەقسەڵەی گوناه و تەم و مژە بێ ڕەنگەکان ..... 21
تاشینی ریشی عەشق ..... 32
بە چرکە چڕبووەکانەوە دێمە پێشوازیت.. تاراوگە ..... 39
خوێندنەوەی قەسیدەیەکی نەنووسراو ..... 43
بەخشین ..... 49
بازگەی عەشق و توێکڵە ماچی وشکەوەبوو ..... 54
حیکایەتی ئیبراهیم و موناجاتی سووتانی ئاو ..... 57
CD یەکانی بێدەنگی ..... 62
هەتا چاوی خەیاڵ بڕکا... درەنگ وەختە ..... 68
لە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیی ئەم پا یزەدا، ون ئەبم ..... 72
کاڵترین ماچ ..... 73
مەملەکەتی بێ زمان ..... 76
میلۆدەکانی مۆتیڤی عەشق ..... 78
تەماشا عەشرەسییەکان ..... 82
بەر لە مردنی زەردەپەڕ دێمە وەرین ..... 86
وسیەتێکی کورت بۆ سەفەرێکی درێژ ..... 91
لە قەراغ بەستەکەی خاسە چاوەڕێم بە ..... 94
خەونە فەرامۆشکراوەکانی ئیناڵا ..... 99
بوون بە خوا ..... 104
چێشتەنگاو، باخچەیەک لە سۆز ..... 106





کۆتایی ڕۆژ ..... 109
گەڵا وەریوەکانی ڕۆح ..... 113
نووستن لە نێو پەڕە ئاڵەکانی ئاودا ..... 122
دوو دەستی پڕ لە دووکەڵ ..... 126
دراوسێ کەم هەر بەتەنیا خانمێکی چاوگەش نەبوو ..... 129
بەسادەیی وێنەکانی مناڵیی خۆم ئەشۆمەوە ..... 133
ئەلبومێک لە هەست.. ئەلبومێک لە یاد ..... 138